# جینۆسایدی نەتەوەی کورد

ئامادەکردنی :زانا خێلآنی

ناوی کتێب : جینۆسایدی نەتەوەی کورد
بابەت : مێژوو
ئامادەکردنی : زانا خێلآنی
چاپ :
تیراژ :
نۆبەتی چاپ :
ساڵ و شوێنی چاپ :
ژمارەی سپاردن:
پێداچونەوە : عومەرعەبدولکەریم ( عومەرتینوو )

**پێشەکی**

دوورخستنەوەی نەتەوە ، لەڕووی ئایینی و ،سیاسییەوە زۆر کات بووەتە هۆی لەناوبردنی خەڵکانی سڤیل و بێتاوان لە جیهاندا . لە مێژووی دروستبوونی مرۆڤەوە کەسانیک هەن تائێستەش لەبری دانووستانی ئاشتی، سیاسی، کۆمەلایەتی، ستەم و زۆرداری بەڕێگەچارە دەزانن ، . بەم چەشنە زوڵم و ستەم دەست پێدەکات ، زۆرداری ئەبێتە پیشەوا، ماف لەژێر ئەشکە نجەدا ئەبێت . ڕاستی ئەوەیە بەکارهێنانی دەسەڵاتیکی ڕوکەش و هەروەها بەردەوامیش دەست درێژی دەکرێتە سەر نەتەوە. نەتەوەی کورد ،لە تورکیا ، ئیران ، سوریا ، عێراق ، گرفتاری دەستی دەسەلاتدارانی دیکتاتۆرەکانن ، لەسەدەی شانزەهەمەوە تاوەکوو سەدەی بیستەم، ناوچەکە بەشێکی لە ئیمپراتۆرێتی ( عوسمانی و فارسی پێك هێنابوو ، بڕیار وابوو بە دامەزراندنی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی پاش جەنگی جیهانی یەکەم بە پێی ڕێکەوتن نامەی سیڤەری ساڵی 1920 سەربەخۆی بدرێت بە کورد، بەلام ئەوکات عوسمانییەکان و کەمالییەکان گەیشتنە لوتکەی دەسەلات و بەلێنەکانیان بەجێنەهێنا، نەك بە جێیان نەهێنا بەڵکو کەوتنە پیلانگێڕان لەدژی کوردەکان و بەشێکی زۆری خاکی کوردستانیان داگیر کرد، کە ئێستا بە کوردستانی تورکیا ناودەبرێت .

داگیرکەرانی کوردستان هەربە ئەوەوە نەوەستان کوردستانیان بەسەر چوار پارچەدا دابەش کرد ( تورکیا _ عێراق _ ئێران _ سوریا ) . هەریەك لەم دەوڵەتانەش کۆسپێکیان لە بەردەم سەرهەڵدانی شۆڕی گەلە کەماندا دروست کردووە . بەتایبەت کوردستانی عێراق، کە هەمیشە لە چەوسانەوەدا بووە .

لەڕوی ئاینییەوە کورد مافی خۆیەتی ئازاد بێت، هەروەها نەیارانی کورد هەمیشە لە پیلانگێڕاندا بوون بۆ کورد.

وەك گۆڕینی نەتەوە ، شۆفێنیزم و فاشیزم ، بەرتەسك کردنەوەی ئازادی و لەناوبردنی نەتەوەی کورد ،بەهاوکاری ئیمپریالیزم، خواست و ئاوات و ئاما نجەکانی نەتەوەی کورد لەگۆڕینێن .

تورکیا- ئێران- سوریا - عێراق- ئەم چوار پارچەیە ناهەمواری ناوەکی وەك ڕاوەدوونان و کۆچ پێکردنیان بەزۆرەملێ و تاوان کردن بەرانبەریان لەڕێگەی سیاسەت و سەربازییەوە، لەناوبردنی ماف، دەرکردنیان لە ناوچە کورد نشینەکان و کردنی ئەو شوێنانە بە سەربازگە. تاوانی پزیشکی ، فەسادی ئەخلاقی، دروست کردنی قەیرانی ئابوری، قەدەغەکردنی زمانی دایك، گۆڕینی مێژوو، گۆڕینی نەتەوەو نەخشە دارشتن بۆلەناوبردنی نەتەوەی کورد .

تورکەکان لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە، تا ئێستاش و دواتریش، فەرمانڕەوای مستەفا کەمال،و کەمالییەکان، دڕندە ئاسا بەرانبەر بە کورد و ئەوانەی، کە تورك نین، هیتلەر ئاسا و مۆسۆلۆنی ئاسا و فرانکۆی ئیسپانی ئاسا .

ڕژێمی عێراق لە کوردستان دەستیکرد بە خوێن ڕشتن و لەناوبردن و وێران کردن و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ڕاگواستن، هەروەها هیچ کات بۆلەناوبردنی کورد سازشیان نەکردوە.

لەسوریا سیاسەتی ڕژێمەکەی ئەو وڵاتە بەتەواوی کوردەکانی لەناوبردو ڕژێمی بەعسی سوریا تەنانەت ناسنامەشی قەدەغەکردبوو لەکوردەکان، کە خۆیان وەکو کورد بناسێنن.

بە هەمان شێوە کوردانی دانیشتووی ئازەربا یجان و ئەرمەنستانیش بەدەرنەبوون لە جینۆساید کردنیان.

لە ئێرانیش ڕەزا شا و کوڕەکەی محمد ڕەزا دووکەسایەتی نەتەوە پەرست و تینوی دەسەلاتبون.

هەمیشە بەدوای ڕێگەچارەیەکدا دەگەڕان کورد لەناوبەرن. ئینقلابی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەساڵی 1979 کۆتای هێنا بەدەسەلاتی پەهلەوی، میلەتی کورد لەوێشدا کرا بە قوربانی، چونکە دەوڵەتی نوێی کۆماری ئیسلامیش درێغی نەکرد لە سەرکوت کردن و ڕاوەدوونان و لەناوبردنی نەتەوەی کورد.

جینۆسایدی نەتەوەی کورد، تەنها ئارەزوی نەیارانی کورد بووەو ئەمەش پەڵەیەکی ڕەشە بەنێوچاوانی نەیاران و دوژمنانی کوردەوە و بۆ مێژووش دەمێنێتەوە.

## سەرەتا

کۆمەڵکوژی ( جینۆساید ) چەند جۆرێکی هەیە، کۆمەڵکوژی، یەکێکە لە ڕێگە ئاسانەکان، بۆلەناوبردنی نەتەوەیەك، کۆمەڵێك، شارێك. جۆرێکی تری کۆمەڵکوژی، بەڕێگەی سڕینەوەی نەتەوەیە( بایلۆژیك ) ،یان ئابوری .

گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە ئەمانەی باس دەکرێن هەموو بە بەڵگە و شاهید باس لە جینۆسایدی کورد دەکات .

دەگەڕێینەوە بۆ جەنگی یەکەمی جیهانی، دەسەڵاتدارانی ئەوکاتیش لە پیلاندا بوون بۆ لەناوبردنی کورد.

چ بەڕێگەی کۆمەڵکوژی یاخود تاك، بەرنامە بۆداڕێژراو کاریان دەکردو کەوتنە لەناوبردنی ناوی ( کوردستان )و میللەتی کورد زمان و مێژووی کورد. بە بۆچونی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکان جینۆساید و کۆمەڵکوژی کورد بابەتێکی نێودەوڵەتییەو مافی ئەو دیکتاتۆرەیە بەکاری بێنیت بەرانبەر نەتەوەیەکی ستەم لێکراو. بابەتێکی تر ئەوەیە کۆمەڵکوژی کورد تەنها لەکاتی جەنگدا نەبووە، بەڵکو زۆرکات لەکاتی ئارامی و سەقامگیریدا ڕویداوە. لە بەرانبەر کۆمەڵکوژی ( جینۆساید )دا نەك تەنها نەتەوەی کورد، بەڵکو هەر نەتەوەیەکی تر، کە دەبنە قوربانی ئەم تاوانە، مافی خۆیەتی تا دوا دڵۆپی خوێنی بەرگری لە خاك و نەتەوەکەی بکات.

ئەمڕۆ تەواوی جیهان بێدەنگ بوون و چاویان لە ئاست ئەم کۆمەڵکوژیەی کورد داخستوە، کە بووە بە هەڕەشەیەك بۆ ناسنامەی کوردبوونمان، مافی نێودەوڵەتی، یاسا، مافی مرۆڤ ....لە هەموو کێشەکانی کورد، ئاگادارن و خۆیانی لێ بێ ئاگا دەکەن. لەناوبردنی نەتەوە، کۆمەڵی نەتەوایەتی، ئایینی، بەشێکە لە مرۆڤ. کۆمەڵکوژی دژ بە مرۆڤایەتی دڕندانەترین کردارە لەلایەن دوژمنانی مرۆڤەوە بەکاردێت و لەوەش دڕندەتر بێدەنگی یە، کە بەرپرسانی مافی مرۆڤ بە قوربانی کردنی ڕاستییەکان لە بەرژەوەندی خۆیان، خۆیان بێدەنگ دەکەن.

بەرپرسانی مافی مرۆڤ ، پشتگیری لە بۆسنێ، چیچان، تبتیەکان و هتد .... دەکەن، بەڵام لە ئاست نەتەوەی کورد گوێی خۆیان و هەموو جیهانیان کەڕکردووەو لەبەرانبەر کۆمەڵکوژی ( جینۆسایدی نەتەوەی کورد ) بێدەنگییان هەڵبژارد، نەوەك لایەنگرانی وڵاتانی زلهێز لێیان بڕەنجێن.

ئەوان نەتەوەی کوردیان کرد بە قربانی دۆلارو نەوت و بەرژەوەندیەکانی خۆیان . ....

## کۆمەڵکوژی ، تاوان بەرانبەر مرۆڤایەتی

لەدوو وشە پێك هاتووە : ) ( Genocide مانای وشەی جینۆساید

بەواتای نەتەوە ( Genos)– وشەیەکی یونانیە 1

واتای کوشتن و لەناوبردن (caeders) 2- وشەیەکی لاتینیە

بەکارهاتووە بەمانای کۆمەڵ کوژی ( Genocide) واتا ئەم دوو وشەیە

لەڕاستیدا کۆمەڵ کوژی پێشێل کردنی گشت مافەکانی مرۆڤە .

دادگای نیودەوڵەتی دەڵێت بە بەندی شەشەم لە یاسای دادگای ( نۆرن بێرگ :

جینۆساید ، پێشێل کردنی مافی مرۆڤایەتییەو مرۆڤەکان مافی خۆیانە بژین .

جینۆساید بەواتای ڕق لێبونی تەواوی مرۆڤایەتییە .

لە 9 /12 / 1948 دا لەڕێگەی دادگای نێودەوڵەتییەوە بڕیاردرا بە قەدەغەکردنی کۆمەڵکوژی .

جینۆساید ناسرا بە دژی مرۆڤایەتی ساڵی 1948 ساڵی قەدەغە کردنی کۆمەڵکوژی بوو.
سەبارەت بەم بابەتە دادگای نێودەوڵەتی لە بەرواری 28 / 5 / 1951 لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند : ڕاگەیاندنی ئەم بەیاننامە قەدەغە کردنی جینۆسایدە بەهەموو جۆرەکانیەوە، هەروەها بەسزاگەیاندنی بکەر یان ئە نجامدەرەکەیەتی، بۆ ئەوەی هیچ کەس ولایەن و بەرپرسی ئەم کردەوەیە ، بە نافەرمانی کردنی ئەم بڕیارە بدرێت بە دادگا و کۆمەڵکوژییەکەش بە جیهان بناسرێت. جینۆساید تەنها لەناوبردنی فیزیکی نەتەوەیەك، نەژادێك ئاینێك نیە، بەڵکو هەڵگری کۆمەڵێك ڕووبەڕوبونەوەی تریشی هەیە :

جینۆسایدی فیزیکی : لەناوبردنی کۆمەڵێك بە هەمووجۆرەکانی، لە سێدارەدان، گولە بارانکردن، پەلاماردانی سەربازی .

چەکی کۆمەڵکوژی، وەك چەکی ئەتۆمی، کیمیاوی، فسفۆری، میکرۆبی هتد ...
2- جینۆساید بایلۆژی : ڕێگرە بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵێکی تایبەت و ژن و پیاو منداڵ ، جیاکردنەوەی فیزیکی ژن و پیاو لەیەکتر هەڵوەشاندنەوەی خانەوادە. ئەم جۆرەیان لەساڵی 1988 لە کوردستانی و عێراق و لەڕێگەی ڕژێمەکەی سەدام حسینەوە ئە نجامدارا، جیاکردنەوەی ژن و مێرد و کچانی هەرزەکار لە دایك وباوکیان و دواتر منداڵەکان لە دایك و باوك .
3- جینۆسایدی – نەتەوەیی : قەدەغەکردنی زمانی دایك، دەسکاری کردنی مێژووی نەتەوەیەك، جیاکردنەوە و بلاوەپێکردنیان یاخود لە یەك پارچەوە بۆ چەند پارچەیەك، لەناوبردنی ئاسەواری دێرین مێژووی، مزگەوتەکان، کڵێساکان ..... بەگشتی نیشانەی نەتەوایەتییان لەناو دەبرد.
4- جینۆسایدی پێشکەوتن : لەناوبردنی شارەکان، شارۆچکەکان، گوندەکان، تالانکردنی ماڵی خەڵك، گەمارۆدانی سنورەکان بەمەبەستی برسێتی و لەناوچونیان، کەمی خۆراك، دەرمان بلاوکردنەوەی جۆرەها نەخۆشی، بەرزکردنەوەی باجی سنورەکان ( گومرگ ) پێداویستی منداڵان، لەکۆتاییدا ناچارکردنیان بە ڕاگواستن، بۆ جێگایەکی دیاری کراو ( کەمپ ). بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و میکرۆبی، جگەلەوەی دەبێتە هۆی لەناوبردنی مرۆڤەکان و خێزانەکان، دەبێتە هۆی لەناوبردنی ماددیش. بە لەناوبردنی ماددی دەگوترێ دووجار جینۆساید، کە بە ئەکۆساید ناودەبرێت، ئائومێدی ڕوودەدات بەواتای لەناوچونی تەواوی، پە یماننامەی ساڵی 1977 بۆ دەوڵەت یاخود ناوچەیەکی وێرانکراو، کە پێشتر ئاوەدان بووە، ئەبێت ڕاگوازرێن بۆجێگایەکی باشتر لە بەر ئەوەی دووبارە ژیان لەو خاکەدا دووبارە بە جینۆساید هەژمار دەکرێت، کە بە ( بیوساید ) ناسراوە، بەواتای لەناوچونی ژیان .
دوو بابەتی سەرەکی : گرنگی جینۆساید لە دیدی نێودەوڵەتیەوە :
1- مەبەستی جینۆساید : لە ڕوانگەیەکەوە دەست پێدەکات. مەبەست لێی لەناوبردنی _ نەتەوەیەك یاخود _ کۆمەڵێك _ هەروەها خۆنیشاندانی زۆرداری ڕژێمێك.
2- ژمارەی قوربانیەکانی جینۆساید : بەهۆی ئەوەی جینۆساید مەبەست لە ناوبردنی نەتەوەیەك یاخود کۆمەڵگایەکە، زۆر گرنگی نادرێت، کە چەند مرۆڤ لە ناوچوون. واتە یەك مرۆڤ یاخود هەزاران مرۆڤ گرنگ نیە ، گرنگ ئەوەیە جینۆساید کراوە. هەمیشە تاوانی جینۆساید کوژراوانی لە هەموو جەنگەکان زیاترە. لە بەشێکی پە یماننامەکەی ساڵی 1948 دا هاتووە ،

ئەبێت وڵاتان لە کاتی هەر ڕوداوێکی جینۆساید دا واژوو لەسەر ئەم پەیماننامەیە بکەن: وەك کۆمەڵکوژی و بابەتەکانی .
ئەبێت بکەر یان ئەنجامدەری ئەم جۆرە تاوانە بدرێت بە دادگای نێودەوڵەتی و دادگای بکرێت. هەروەها ئەم جۆرە تاوانە چ لەکاتی جەنگ دا بێت چ لەکاتی ئارامی.

بە هۆی ئەوەی جینۆساید تاوانێکی گەورەیەو بکەرەکەی هەستاوە بە ئەنجامدانی تاوانە، ئەمەش واتا ڕێزنەگرتن لە یاسای نێودەوڵەتی .
لە بەشی دووی ڕێکەوتننامەی ساڵی 1948 دا هاتووە وئەڵێت: بکەری ئەم جۆرە تاوانە پێویستە بۆ دادگا ڕونی بکاتەوە بۆچی و بە چ مە بەستێك ئەم تاوانەی ئەنجامداوە.
جینۆساید : کردارێکە بۆ لەناوبردنی – نەتەوەیەك – کۆمەڵگەیەك – تاکێك – ئاینێك –
لە پەیماننامەکەدا تیشك خراوەتە سەر بابەتێك و ئەڵێت: گەر مەبەستیشی لەوانەی سەرەوە، کە ناومان هێناون نەبێت هەر بە تاوان هەژمار دەکرێت.
وەکو باسمان کرد جینۆساید تاوانێکی گەورەیە و بە مەبەستێك ئەنجام دراوە، لەبەرئەوە لە دادگای نێودەوڵەتی بە گەورەترین تاوان تۆمار دەکرێت و تەنانەت لە تاوانی داگیر کردنی وڵاتێك زیاترە. هەر لە هەمان پەیماننامەداو لە بەشی دووەمیدا هاتووەو ئەڵێت: سەبارەت بە ناساندنی جینۆساید بەم هۆکارانە دەناسرێتەوە:
1-کوشتنی – نەتەوەیەك – کۆمەڵگەیەك – تاکێك – ئاینێك
2- هەوڵدان بۆ سڕینەوەی – زمانی دایکی – کەلتور .
3- داڕشتنی پیلان بۆ لەناو بردنی – نەتەوەیەك – کۆمەڵگەیەك – تاکێك
4- ڕێگە گرتن لە ئازادی – کۆمەڵگەیەك – خانەوادەیەك – تاکێك
5- کۆچ پێکردنیان لە خاکی باب و باپیرانیان – ( شوێنی لە دایکبونیان )
وڵاتان پێویستە لەسەر یان واژووی ئەم پەیماننامەیە بکەن.
لە بەشێکی تری پەیماننامەکەدا هاتووە، نەك تەنها بکەری تاوانی جینۆساید ئەدرێتە دادگا، تەنانەت ئەم خاڵانەی خوارەوەش دەگرێتەوە:

1- بکەری جینۆساید
2- نەخشە دانەری جینۆساید
3-هەوڵدان و پیلان دانان بۆ جینۆساید
4- داڕشتنی نەخشەی جینۆساید ( تەنانەت ئەو تاوانانەش ئەنجام نەدرابێت )
5- شاردنەوەو نکوڵی لێکردنی تاوانی جینۆساید

له په یماننامەکەی ساڵی 1948 داو له بەشی سێیەمیدا هاتووە، ئەوانەی سەرەوە، که ناومان بردن تاوانبارن و ئەبێت بدرێنه دادگای نێودەوڵەتی. له بەشی چواری په یماننامەکەدا هاتووە، به لێکۆڵینەوەی تەواوی ئیسپات ئەوکات به پێی یاسا تاوانبار دەکرێت، له بەشێکی دیکەی ئەم په یماننامەدا هاتووە، ئەو وڵاتانەی لەم په یماننامەدا ئەندامن هەر تاوانێکی جینۆساید ئه نجام بدات چاو پۆشی لێناکرێت، به هۆی ئەوەی تاوانی جینۆساید تاوانێکی گەورەو کوشندەیه ئاما نجی لەناو بردنی مرۆڤایەتییه. له بەشی شەشی په یماننامەکەدا هاتووە، بکەری تاوانی جینۆساید ئەبێت له ناوخۆدا دادگای بکرێت، له بەشێکی تردا هاتووە ئەگەر بکەری جینۆساید خودی دەسەڵاتداری وڵات بێت، ئەبێ له کوێ دادگایی بکرێت؟ ئایا له ناخۆی وڵاتدا؟ ئایا دادگای وڵات داد پەروەرانه ئەبێت؟ به دڵنیاییەوە نەخێر، چونکه زۆرێك له تاوانباران له وڵاتی خۆیاندا دادگای کراون، بەڵام تا ئێستاش سزای خۆیان وەرنەگرتووە. کەواته ئەگەر تاوانبار دەسەڵاتداری وڵات بێت پێویسته له دادگای نێودەوڵەتی دادگایی بکرێت. ئەگەرچی له بەشی شەشەمی په یماننامەکەی ساڵی 1948 دا بیروڕا گۆڕینەوە ئه نجام درا، بەڵام له کۆتاییدا بەشی شەش بەبێ دەستکاری وەکو خۆی مایەوە. له هەمان بەشدا هاتووە، تاوانبارانی جینۆساید له دادگای نێودەوڵەتی تاوانبارانی جەنگی دادگایی دەکرێت. ئەم په یماننامەیه له ساڵی 1948 دا نوسراوەو له ساڵی 1951 ئیشی پێکرا، بەڵام به داخەوە تائێستا هیچ تاوانبارێك، دیکتاتۆرێك نەدراوەته ئەم دادگایه.

وەك له پێشوتر باسمانکرد جینۆساید تاوانێکی گەورەیەو دژبه مرۆڤایەتییه، هەروەها مەترسییەکی گەورەیه بۆ ئاشتی وڵات و کارەساتباره. هەرچەنده ئەم په یماننامەیه تەنها له سەر کاغەز نوسراوە، بەڵام پێویستی به کرداره.

## بەشی دووەم

### داڕشتنی نەخشەی جینۆساید لە باشووری کوردستان

ئەگەر بۆ دەسەلاتدارانی عێراق – ئێران – تورکیا – سوریا –ڕونکردنەوەی جوگرافیایی بکەین، ئەوا دەرئەکەوێت، کە ئەم ولاتانە هەمیشە لە پیلانگێڕاندا بوون بۆ خاکی کوردستان و بە تایبەت بەباشوری کوردستان کەبە کوردستانی عێراق ناسراوە.
بابەتی کورد هەتاکو ئێستاش هەر وەك خۆی ماوەتەوەو کێشەی کوردستانیش تائیستا بە گەورەترین کێشەی نێودەوڵەتی دادەنرێت. ناساندنی کورد – مێژووی – کەلتوور – ئابوری – کورد لە سەد ساڵی ڕابوردووەوە ئاما نجی دیکتاتۆرە یەك لە دوای یەکەکان بووە، بۆ لە ناو بردنی کورد. پەیوەندی دیکتاتۆرەکان بەرانبەر بە کورد هیچ کات باش نەبووە، تەنانەت نەك باش نە بوون هەمیشە لە پیلانگێڕاندا بوون بۆ لە ناو بردنی کورد و کوردستان. کەوابێت ڕون و ئاشکرایە نەتەوەی کورد تەنها داوای مافی خۆی کردووە، بەلام دوژمنانی کورد نەك ڕازی نەبون تەنانەت هەمیشە لە پیلان داڕشتندابوون بۆ لە ناوبردنی نەتەوەی کورد.
ئێستا وا هەژماردەکرێت نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان داگیر کراوە. واتا( مستەعمرە ) ئێمەی کورد لەژێر دەسەلاتی داگیرکەراندایین.
لە ڕاستیدا نەتەوەی کورد بە ئاما نجی لەناوچوون دژایەتی ئەکرێت.
ئیسماعیل بیشکچی زانایەکی تورکە، لە کتێبی کوردستانی بەشکراودا نوسیویەتی :
ئەو دەسەلاتدارانەی خۆیان بە دەسەلاتداری خاکی کوردستان دەزانن تەنانەت لە( کۆلۆنیالیزم ) کەمترن.
سیاسەتی ولاتانی دەسەلاتداری داگیرکەر کار بۆ لە ناوبردنی کەلتورو مێژووی کورد دەکات.
دوژمنانی کورد هەمیشە لە پیلانگێڕاندا بوون بۆ سڕینەوەی نەتەوەی کورد و لە ناوبردنی مێژووەکەی و دەسکاری کردنی تاکو میلەتی کورد خۆی نەناسێتەوە.
دوژمنانی کورد نەك نەیانویستووە کەلتورو مێژووی کوردی بەرەو پێشەوە بڕوات، بەڵکو بەردەوام هەوڵ بۆلەنابردنی ئەدەن.
جەلیل جەلیل ئەڵێت:( نەتەوەی ئێمە سەدان ساڵە لە مافی خۆی بێبەشە. )
ئەو ولاتانەی، کە بە سەر ئێمەوە دەسەلاتدارن تەنها کەلتورو مێژووی ئێمەیان کردۆتە نیشانە. تەنانەت کەلتورو مێژووی ئێمەشیان کردووە بە هی خۆیان.
لەناوبردنی کەلتور ڕاستەوخۆ ئەبێتە لەناوچونی نەتەوەیەك. بوونی کەلتورو مێژووی میلەتێك ناسنامە کەیەتی بەبێ کەلتور نەتەوە بێ ناسنامەیە.
لەم بەشەدا دێینە سەرباسی جینۆساید لە کوردستان بۆ ئەوەی باشترو زیاتر دیکتاتۆرە یەك لەدوای یەکەکان و دوژمنانی کورد بناسین.

جینۆساید لە باشوری کوردستان

لەسەردەمی دامەزاندنی دەوڵەتی عێراق لەساڵی 1921 دا بەزۆرداری باشوری عێراق، واتا ( خاکی کوردستان )یان خستە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی عێراقەوە.
هەر لەو کاتەوە دیکتاتۆرە یەك لەدوای یەکەکانی ڕژێمی عێراق کوردیان بە گەورەترین کێشە دەزانی پێیانوابوو ئەگەر خاکی کوردستان داگیر بکەن، ئەوە یەکەم هەنگاویان دەبێت تا دواتر بەردەوام بن. ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق هیچ کات بۆ لە ناو نەبردنی کورد سازشیان نەکردووە. هەردەم بەرنامەیان ئەوەبووە کورد بکەنە ژێردەستەی خۆیان. وەك – بەعەرەب کردن – نابێت ناوی کوردستان بمێنێت – کوردستان ئەبێت ناوی – شیمالی عێراق بێت. واتا خاکێك نییە بەناوی کوردستانەوە.
لەم بەشەدا ئەمانەوێت تیشك بخەینەسەر ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و پیلانەکانیان بۆ خاك و نەتەوەی کورد.
لە ساڵی 1933 و 1934 لەشکری سەربازی عێراق و بەریتانیا دەست لەناو دەستی یەك پیلانیان بۆ هەڵکوتانە سەر دەڤەری بارزان داڕشتوو لە ئاکامی ئەم پەلاماردانەدا بۆ ناوچەکانی – بەرۆژ – مزۆوی – شێروان – 79 گوندیان لەناوبردو وێران کران. لە کۆی 2382 خانوی ئەم دەڤەرە 1365 ماڵ و خانوو تالانکران ودواتر سوتێنران،کە دەکاتە
( ٪60 )
لە هاوینی ساڵی 1961دا، ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم و سوپاکەی هێرشیان کردە سەر ناوچە کوردنشینەکان. تەنها لە ماوەی یەك ساڵدا 3000 کوردی بێ تاوانیان شەهیدکرد، کە لە ژن و منداڵ و بە ساڵاچوان پێکهاتبوون. نزیکەی سەد هەزاری تریشیان ئاوارەو دەربەدەرکرد،هەروەها 150 شارۆچکەو گوندیشیان وێرانکرد.
لە( 11 / 6 / 1963 )دا دووبارە هێرشیان کردەوە سەر ناوچە کورد نشینەکان و لە ئاکامدا 200 گوندیان لە ناوبرد و زیاتر لە 2000 هاوڵاتی بێ تاوانیان شەهید کرد.
هەروەها لە مانگی ( جولای 1963 )دا کۆنگرەی نێودەوڵەتی ڕوسیا ڕایگەیاند، کە ئەم کردارەی ڕژێمی عێراق جینۆسایدکردنی کوردەکانە. لە هەژدە ئەندامی ئەم کۆنگرە نێودەوڵەتییە تەنها وڵاتی ( چیکۆسلۆڤاکیا ) پشتگیری ڕژێمی عێراقی کرد.

لەکۆنگرەی ساڵانەی ڕوسیاو مەغۆلستانداو لەمانگی ( جولای 1963 )دا داوایان لە کۆمەڵی نێودەوڵتی کرد بابەتی جینۆسایدی کوردەکانی عێراق تاوتوێ بکەن و باسی لە سەر بکرێت، بەڵام دواتر کۆنگرەی ڕوسیاو هاوپەیمانەکانی داواکارییەکەیان ڕەتکردەوەو پشت گوێیان خست.
لە 9 / 7 / 1963 ڕژێمی عێراق هاتوچۆی سنوردارکرد. واتە ( منع تجول )ی ڕاگەیاندو کەوتە گرتن و کوشتن ڕاوەدونانی کوردەکان. لە شاری سلێمانی 83 کوردیان گولەبارانکردو 5000 یان ڕەوانەی گرتوخانە کرد.
هەروەها 276 کوردیان لە سیدارەداو دواتر تەرمەکانیان لە گۆڕی بە کۆمەڵ ناشت. لە هەمان کاتدا لە شاری –

کۆیە - ڕژێمی عێراق هێرشی کردە سەر ئەو شارەو کەوتە کوشتنی ژن و منداڵ و بە ساڵاچوان و بێتاوان و لە ئەنجامدا 20 کوردی بێتاوانیان گولەباران کرد.
لە 13 / 6 / 1963 جارێکی تر هێرشی کردە سەر دانیشتوانی گوندە کانی دەڤەری ( کندیناو ) هەولێرو کەوتە لەناوبردنی بەکۆمەڵ، تەنانەت قوتابخانە و مزگەوتەکانیشیان لە ناوبرد.
ڕژێمی عێراق کەوتە پیلاندانان بۆ کوردەکان بە شێوەی ( تعریب ) بە عەرەب کردن. هەنگاوی یەکەمی سیستەمی تعریب لە ساڵی 1963 دەستپێیکرد. بەشی دووەمی لە ساڵی 1975 بە ئەنجام گەیەنرا. بەشی سێهەم لە ساڵی 1987 ئەنجام درا. تەنانەت . زیاترلە 153 گوندیان تعریب کرد و ناوی گوندەکانیش بەعەرەبی کران.
لە (10 / 7 / 1963 ) نزیکەی ( 40000 ) دانیشتوی کەرکوك و دەوروبەری ئاوارە بون.
ڕژێمی عێراق عەرەبەکانی خواروی عێراقی لە کەرکوك و دەوروبەری نیشتەجێکردوو ماڵ و خانووی کوردەکانی بە شۆفڵ و بلدۆزەر لەناو برد. نوسین و خوێندنی بە زمانی کوردی قەدەغە کرد. لەگەڵ ئەمانەشدا دەستیان کرد بە تالآن کردنی ماڵە کوردەکان و سوتاندنی باخ و ڕەزەکانیان، ئەمەش بەردەوامی هەبوو تا 23 / 7 / 1963 بەگشتی 875 گوند لە ناو بران و وێرانکران.
( ڕینە مۆریس ) ڕۆژنامە نوسی فەرەنسی بە بەڵگەوە سەلماندی ڕژێمی عێراق لە نێوان ساڵانی 1965 تا 1966 چەکی کمیاوی لەدژی کوردەکان بە کار هێناوە بۆ لە ناو بردنیان.
دادگای نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتی ژمارە 23 ساڵی 1989 دا هاتووە، کە تایبەتە بە کێشەی کوردستان، باس لە تاوانەکانی ساڵانی 1960 تا 1970 دەکات بەرانبەر کورد کراوە. بە پێی ئەم سەرچاوەیە، 40000 خانو لە 700 گونددا وێران کراوەو 300000 هاوڵاتی ئاوارەبون، هەروەها 60000 شەهید و بریندارو قوربانی هەبووە. هەمان سەرچاوە باس لە ساڵی 1988 دەکات، بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی هەزاران کورد شەهید و دەیان هەزار بریندارو ئاوارەی ئێران و تورکیا بوون.
جێی باسە، کە لە پەنجا ساڵی ڕابوردوودا، دەسەڵاتدارانی چوار پارچەی کوردستان چەندین ڕێکەوتنیان بۆ لە ناو بردنی کورد واژوو کردووە.

لە 9 / 9 / 1963 ڕێکەوتننامەی ڕژێمی عێراق و ڕژێمی بەعسی سوریا، سوپایەکی هاوبەشییان پێکهێناو بە فەرماندەیی وەزیری بەرگری ڕژێمی عێراق، هێرشیان کردە دانیشتوانی کوردستان.
ڕژێمی سوریا لە ڕێگەی ئاسمانی و زەمینیەوە هاوکاری عێراقی دەکردو بۆ لە ناو بردنی هێزی پێشمەرگە هێرشیان کردە سەرشارەکانی ( دهۆك، زاخۆ ). ڕژێمی عێراق ڕاستەوخۆ سوپاسنامەی ئاڕاستەی ڕژێمی بەعسی سوریا کردو لە هەمان کاتدا سەرۆکی ڕژێمی ئەوکاتی عێراق ( عبدالسلام عارف ) سەردانی سوپای ڕژێمی سوریای لە خاکی کوردستاندا کردو گوتی: سوپای سوریا جگە لە سەرکەوتن هیچ ئامانجێکی تری نییە.
ئەمجارە جینۆسایدی کوردستان لە ڕێگەی حیزبی بەعسی عەرەبییەوەو بە بەرنامە بۆ داڕێژراوی بەرەو پێشەوە دەبرا، ئەویش لە ڕێگەی سیاسەت، هێز، ئابوری، کەلتوری و بایلۆژی دەستپێیکرد.
( موشێر ئەفلەق ) دامەزرێنەری حزبی بەعس ئەڵێت: سەدان ساڵە کوردەکان میوانی عەرەبە موسڵمانەکانن، جیاوازی نابینم لە نیوان کوردێك و عەرەبێکی موسڵمان. بە پێی هەندێك سەرچاوە خودی موشێر ئەفلەق کوردە،

بەلاَم خۆی کردوە بە عەرەب، هەرچەند ئەو سەرچاوانە زۆر بەهێز نین و لاوەکین. لە یەکێك لە وتارەکانیدا ئەلێَت، نەتەوەی کورد بەشێکە لە عەرەب.

هەر لەسەرەتاوە ویستویانە کوردەکان لەناو بەرن

ئەم حیزبە هەر لەسەرەتاوە ویستویەتی نەتەوەی کورد لە ناو بەرێت یاخود بکرێن بە عەرەب، بە هەر نرخ و ڕێگەیەك بێت ناوی نەتەوەی کورد بسڕنەوە بە عەرەب هەژمار بکرێن.

لە مانگی ئابی ساڵی 1969 دا سوپای عێراق هێرشی کردە سەرشاری ( ئاکرێ )و هەردوو گوندی ( دەکا ) و ( خۆرت )یان سووتان و دانیشتوانی ئەم گوندانەش، کە نزیکەی 67 کەس بون پەنایان بردە بەر ئەشکەوتێکك، بەلاَم ئەو سوپا دڕندەی بەعس هەموو گوندەکانی ئاگر تێبەرداو خەڵکە بێ تاوانەکەی شەهید کرد.

لە بەرواری 16 / 9 / 1969 سوپای عێراق هێرشی کردە سەر گوندی ( سۆریا ) لە سەر سنوری تورکیا و سوریاو عێراق، لە ئاکامدا 60 هاوڵاتی کوردی بێ تاوانیان گولە بارانکرد.

لە سەرەتای ساڵی 1970ەوە ڕژێمی عێراق دەستی کرد بە داڕێژانی پلانی نوێ و ئاوارە کردن و لە ناو بردنی کوردەکان بەم شێوەیە :

1- دەرکردنی کوردە فەیلییەکان لە سالی 1971 و 1972، کە نزیکەی 40000 کوردی فەیلی لە خاکی عێراق و کوردستان بە رەو ئێران دەرکران. ژمارەی ئاوارە فەیلییەکان تا کۆتایی ساڵی 1980 گەشتە 215000 کوردی فەیلی. ڕژێمی عێراق دەستی گرت بە سەر سەروەت و سامانی کوردانی فەیلی.

2- ڕژێمی عێراق فەرمانی دەرکردنی 30000 کوردی لە دەورو بەری ( موسڵ ) دەرکرد، بەوەی، کە ( گویان ) ( ئەومریان ) ڕابگوازرێن بۆ سنوری تورکیا و عێراق. هەرچەند ئەم کردەوەو فەرمانە جێبەجێ نەکرا، بەلاَم بە جینۆساید بەرانبەر نەتەوەی کورد ئەژمار ئەکرێت.

3- هەزاران کارمەند و خانەوادە کانیان لە شارەکانی ( کەرکوك و خانەقین ) ڕاگوازران، هەرچەند ئەوساڵە بە ساڵی ئاشتی ناوبرا. واتە 11 / مارس 1970 بەساڵی ئاشتی برایەتی ناوبرا. بەلاَم سیاسەتی ڕاگواستن ( تعریب ) کوشتنی بە کۆمەڵ، بەردەوام بوو.

لەساڵی 1974 دەست کرا بە بەرنامەی نوێ بۆ هێرشکردنە سەرخاکی کوردستان و لە ئاکامدا ڕژێم هەزاران کوردی لە شار و شارۆچکە و گوندەکان لە ناو برد.

لە ساڵی 1975 کە هێزی پێشمەرگە خۆی کۆ دەکردەوە، ڕژێمی عێراق دەستی کرد بە ڕاگواستنی کوردان بۆ باشوری عێراق لەم کاتەدا نزیکەی 200000 کورد بە زیل و لۆری گەورە ڕاگوازران بۆخواروی عێراق.

لە نۆڤەمبەری ساڵی 1975 ئە نجومەنی پشتگیری نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەڵمانیا و مافی مرۆڤی هۆڵەندا، بلاَویانکردەوە، کە ژمارەی ڕاگوازراوانی کورد بۆ باشوری عێراق 200000 کەس بووە، هەروەها ژمارەی ئەو گوندانەی وێران کراون 116 گوندن و ژمارەی کوردە یەزیدیە ڕاگوازراوە کانی شنگالیش 25000 کورد بوون.

لە ساڵی 1976 ڕژێمی بەعس بە بەرنامەیەکی جیاوازتر و لە ڕێگەی وەزارەتی کەلتورەوە دەستی کرد بە لەناو بردنی ئەو کتێبانەی ( بە کوردی نوسراون و باس لە کوردو مێژوی کورد دەکەن. لەگەل ئەوەشدا ڕاگواستن و بە عەرەب کردنی کورد و لە ناوبردنی کوردەکان هەر بەردەوام بوو.

لە کۆتایی ساڵی 1976 دا ڕاگواستنی کوردان بۆ باشوری عێراق گەشتە 300000 کەس. هەروەها لە سەرەتای ساڵی 1979 ڕاگواستراوان بۆ باشور گەشتە 700000 کەس و لە هەمان کاتدا 1222 گوند لە ناوچە کانی

سلێمانی، هەولێر، کەرکوك، دهۆك، دیالە و موسڵ تالآنکران و دواتر وێران کران. ڕژێمی بەعس هەر بە ئەوەوە نەوەستا، بەڵکو گوندەکانی سنوری عێراق و ئێرانیشی لە ناو برد.
سەرژمێری گشتی لە عێراق دا 10ساڵ یەك جار ئە نجام دەدرێتلە سەرژمێری ساڵی 1976 کوردەکانی کەرکوکیان بە عەرەب هەژمار کرد.
ڕژێم لە ڕێگەی چەکە پێشکەوتووەکانەوە هێرشی کردە سەرخاکی کوردستان، هەروەها نا پاڵم، فسفۆڕی، بۆسەر گوند نشینان، دەرمان خواردکردنیان، لە ڕێگەی ئاوی کانیاوەکانەوەو تاقی کردنەوەی چەکە پێشکەوتووەکان لە سەر نەتەوەی کورد بۆلە ناو بردنیان کارهێنا. لە ساڵی 1983 لە ڕیگەی دەزگای هەواڵگری ڕژێمی عێراقە وە، 8000 بارزانییان لە خانەوادەکانیان جیاکردەوەو دواتر شەهیدیان کردن. بەڵگەی ئەم تاوانە لە مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی سەلمێنراوە. لەساڵی 1983 ڕژێم لەسلێمانی دەستی کر بە کۆکردنەوەی ئەو بەڵگە و نوسراوانەی سە ردەمی ئینگلیز و عوسمانی و شێخ محمودی نەمر، دواتر هەمووی لە ناو براو سوتێَنرا.
کۆشکی ( نەقیب ) لە سلێمانی بە دەستی ( حسن فا تمە غرای ) دروست کرابوو بۆ( شێخ موستەفا نقیب ) مامی ( شێخ محمود نەمر )، لە مانگی ئۆکتۆبەری 1988 دا ڕژێم ئاگری تیٚ بەرداو لە ناوی بردو تەنانەت ئەو دووکانانەش لە نزیکی بون سووتان.

ئاشکرایە ئاسەواری مێژووی هەر نەتەوەیەك نیشاندانی کەلتوری ئەو نەتەوەیەیە. دیارە ڕژێمیش دەستە وەستان ناوەستێت و بچوکترین ئاسەوارو پاشماوەی کورد لە ناو دەبات. لە یەکەم هەنگاودا و لە ساڵی 1985 پەیکەری کاوەی ئاسنگەری لە سلێمانی لەناوبرد. ڕژێمی عێراق بە بیانوی قەدەغەکردن و دانانی پەیکەری شێخ مەحمودی نەمر لە هەوڵی سڕینەوەی کەلتوری کوردابوو. یەکێکی تر لە کارە دزێوەکانی ڕژێم ئەوەبوو هەرچی ئاسەوارێك لە ناوچە کوردنشینە کاندا بدۆزرایەتەوە دەیان گواستەوە بۆ ناوچە عەرەب نشینەکان، بەواتای ئەوەی تەنانەت ڕژێم کەلتور و ئاسەوارەکانی ئێمەی نەتەوەی کوردی دەکرد بە هی عەرەبەکان.
بەلآم بە داخەوە ئێمەی کورد تائێستاش هەوڵمان نەداوە ئەو ئاسەوارانە بگەڕێنینەوە یاخود ئەوانەشی ئیستا ئەدۆزرێتەوە ڕێزی لیٚ بگرین و بیانپارێزین، چونکە هەموو جیهان و نەتەوەکان بە ئاسەوارو کەلتور دەناسرێنەوە.
ڕژێم لە 31 / 8 / 1966 لە شاری هەولێر تەواوی ئەو بەڵگەنامە مێژووی و کەلتورییانەی پەیوەندی بە نەتەوەی کوردەوە هەبوو لە ناوی بردن.
لە دانیشتنی سەرانی ولآتانی جیهاندا، کە لە ولآتی ئیتاڵیاو لە ( 27 و 29 ی جولای 1984 ) ئە نجام درا کۆمەڵی نێودەوڵەتی پشتگیری لە زمان و کەلتوری ئەو نەتەوانەی بەرەو لەناو چون دەڕوات دەکرد، بەیاننامەیەك سەبارەت بە کێشەی کورد، کە جینۆسایدی، کەلتوری، ئابوری، فیزیکی و بایلۆژی، لەسەر کراوە نووسرا.
ئەم بەیاننامەیە باوەڕ پێکراوە و بە ناوی ( مۆرخ )ەوەیە، کە لە 22 / 11 / 1978 نوسراوە . هەر لەو دانیشتنەدا یونسکۆ داوای لە هەموو جیهان کرد ئەو کوردانەی لە ئەورو پا نیشتەجیٚن بە باشترین شێوە هەڵس وکەوتیان لەگەڵ بکەن لەگەڵ ئەوانەشی، کە تازە دیٚن بەهۆی ئەوەی نەتەوەیەکە قوربانی دەستی نەژاد پەرستییە.

له باشوری کوردستان، جینۆسایدی کورد ڕۆژ به ڕۆژ خراپتر دەبوو، کوشتنی به کۆمەڵ، گرتنی به کۆمەڵ به تایبەت ژن و منداڵ، ڕاگەیاندنی قەدەغەکردنی هاتووچۆ و له سێدارەدان و گولەبارانکردنی دانیشتوانی شارو گوندەکان له ناو بازاڕەکانداو بەرچاوی کەس وکارییانەوە، هەروەها داخستنی به زۆره ملێی بازاڕ، دوکانەکانئەمەش جۆرێکی تربوو له و کاره قێزەونەی ڕژێم.

به گوتەی ئەفسەرێکی ڕژێمی عێراق، که له گرتوخانەی ئەبو غرێب کاربەدەست بووه، ئەڵێت: له سەرەتای مانگی سێپتەمبەری ساڵی 1985 زیاتر له 5000 کورد له سێداره دراون و گولەباران کراون. هەربە پێی ئەم سەرچاوەیه، له کاتژمێر( 30 :8 )ی شەو له بەرواری 12 سێپتەمبەری 1985 سەدام حسێن، بەتەلەفۆن جەلادەکانی گرتوخانەی ئەبوغرێبی ئاگادارکردووه، که 5000 گیراوی کورد گولەباران بکەن و دوو جار ئەم ڕستەیەی وتۆتەوه. دەست پێبکەن، دەست پێبکەن.

له بەرواری 13 سێپتەمبەری 1985 دەست کرا به جێبەجێکردنی. هەموو ڕۆژێ 500 گیراوی کورد به ئۆتۆمبێله سەربازییەکان بەرەو سەربازگەی ( بسمایا ) له دەڤەری سلێمان بەگدا دەگوازرانەوه. ئەم تاوانه گەورەیەی، که دەرهەق بەکورد ئه نجام درا 10 ڕۆژی خایاندو له ئاکامیشدا 5000 کوردی بێتاوانیان شەهید کرد، هەروەها له بەرانبەر پێدانەوەی تەرمی شەهیدەکان دەبوو هەرخانەوادەیەك 50 دیناری عێراقی بدابا به ڕژێم ئەویش لەبری ئەو گولانەی نراون به سنگ و سەری کوڕ و برا و هاوسەر و باوکی ئەم خانەوادانەوه، لەگەڵ ئەمەشدا ماتەم گێرانیش لەخانەوادەکانیان قەدەغەکرا.

ئەم 5000 کورده بریتیبوون له ئەو کورادانەی بەشداری جەنگی عێراق_ ئێرانیان نەکردووه، پێشمەرگەو قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین له هەولێر بوون . ( ئەم بابەته له سەرچاوەیەکی تەواوەوه وەرگێراوه و نێردراوه بۆ مافی مرۆڤی لەندەن و لەوێ تۆمارکراوه. )

ڕژێمی عێراق نەك تەنها لەخاکی عێراقدا کوردەکانی جینۆساید دەکرد، بەڵکو له دەرەوەی عێراقیش جینۆسایدی دەکردن. له بەرواری 9 / 6 / 1984 و 1 / 7 / 1984 فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراق ئۆردوگای ( زێوەیه ) له ڕۆژهەلاتی کوردستان، که دانیشتوانەکانی به زۆری ژن و منداڵ و به ساڵاچوان بوون کردیانه ئامانج و به ناپاڵم له ناویان برد، هەروەها له هێرشی بەرواری ( 9 / 6/ ) 42 کوردیان شەهید کرد و 230 کەسیش بریندار بوون، هەروەها له هێرشی دووەم ( 1 / 7 ) 2 شەهید و 14 بریندا هەبوون.

له بەرواری 10 / 11 / 1985 له دەڤەری ئامێدی فڕۆکەکانی ڕژێم بەسەر ئاسمانی ئەو شارەدا یاری مندالأنیان هاویشته خوارەوه، بەلأم مندالأن بێ ئاگا لەوەی هەموو ئەم یارییانه مادەی تەقینەوەیان تێدایه ( تێنتی ) له ئاکامدا دوو منداڵ شەهید بوون.

له ساڵەکانی 1984 1985 ڕژێمی عێراق له ناوچه کورد نشینەکان 776 قوتابخانەی داخست. ئەم کرداره بەنهێنی و له لایەن دەزگای هەواڵگری ڕژێم و بەرپرسی ئەوکاتی دهۆك ئه نجام درا ئەویش بەژماره ( 577 - 2 / 10 / 1985 ).

بەرپرسی ئەوکاتی دهۆك به وەڵامدانەوەی نامەکه به ژماره ( 236 ) 22 /9 / 1985 ئاماژه به داخستنی 208 قوتابخانه دەکات.

بەرپرسی هەولێر له نامەی ژماره ( 2297 ) 9/1 1985 ئاماژەی به داخستنی 200 قوتابخانه له گوندەکانی دەوروبەری هەولێر کردووه. له هەمان بەرواردا ئاماژه به داخستنی 340 قوتابخانه له شارەکانی، سلێمانی، کەرکوك وله دەڤەرەکانی شێخان، موسڵ، ئاکرێ کراوه. بڕیارێك هاتووه له وەزارەتی پەروەردەی ڕژێمی عێراقەوه ئەو مامۆستایانەی لەو قوتابخانانەدا کاریان کردووه نابێت بگەڕێنەوه سەرکارەکانیان.

لە بەیاننامەیەکی ( ئەمینستی ئینتەرناسیۆنال )ی لەندەن دا هاتووە، لە بەرواری 14 / 3 / 1989 لە نێوان مانگی سێبتەمبەر و ئۆکتۆبەری 1985 ڕژێمی عێراق 300 لاوی 17 تا 23 ساڵی لە سێدارە داوە و سەرجەمیشیان کورد بوون. لە هەمان بەیاننامەدا باس لە جینۆسایدی هەڵە بجەش کراوە، کە بە چەکی کیمیاوی 5000 شەهید کران.

پەرلەمانی ئەوروپا لە بەیاننامەی ( 9 / 4/ 1987 ) ناڕەزایی بەرانبەر ئەو 300 لاوە کوردەی شاری سلێمانی دەردەبڕێت، کە ئازارو ئەشکە نجە دران دواتر لە سێدارە دران.

لە هەمان بەیاننامەدا پەرلەمانی ئەوروپا ڕژێمی عێراقیان بە دیکتاتور ناوبردو هۆشداریان لە دوبارە کردنەوەی ئەم جۆرە کارانە بە ڕژێمی عێراق داو لە پچڕانی پەیوەندی لە گەڵ ئەم ڕژێمەدا ئاگادار کرانەوە.

بە دەست پێکردنی کردارە نامرۆڤایەتیەکانی حیزبی بەعس تاساڵی 1986 زیاتر لە 1985 گوندو شارو شارۆچکە کورد نشینەکان ڕاگوازران . ژمارەی ئەوخانەوادانەی ڕاگوازران لە 1476 گوند 84877 دانیشتوبوون . ڕژێمی عێراق لە وێران کردن و ڕاگواستنی ناوچە کورد نشینەکان هیچ کات سازشی نەدەکرد.

بۆ نمونە لە شاری کەرکوک جگە لە ڕاگواستن و بە عەرەب کردنی کوردەکان 20000 عەرەبی خواروی عێراقیان ( بەدەوی ) نیشتە جێکرد، شاری کەرکوک وەك سەربازگەی لێهاتبوو، هەموو کوچەو کۆڵان سەربازگە بوو. ئەگەر بەراوردی ئە خێزانە عەرەبە هاوردانە بکەین لە کەرکوك و هەر خێزانێکیش چوار تا پێنج کەس بن ئەوا نزیکەی هەشتا تا سەد هەزار عەرەب دەبوون.

ئەمانەش سەربە ڕژێم بوون، لەوانە ئەفسەری دەزگای هەواڵگری و ئەندامی حزبی بەعس و کاربە دەستانی ڕژێم بوون. کورد و تورکمانەکانیان بە دوژمنی سەرەکی خۆیان ناودەبرد.

سیستەمی لە ناو بردنی خاکی کوردستان .

ڕاگواستن و نیشتە جێکردنی عەرەب و ..... تا کۆتایی ساڵی 1986 زیاتر لە 42488 کیلۆمەتر چوارگۆشە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی عێراق دا بوو، کە دەکاتە 49/41٪ ناوچە کوردنشینەکان ڕاگوازاران.

جینۆسایدی نەتەوەیی کورد لە ساڵی 1987- 1988 بە گەورەترین کارە سات ناوبرا. بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی زۆرینەی شارو شارۆچکەو گوندەکانی کوردستان لە ناو بران.

لە بەرواری 28 /6 / 1987 ڕژێمی عێراق چەکی کیمیایی بۆ سەر شاری سەردەشت بە کارهێناو لە ئاکامدا 132 مرۆڤی بێتاوان شەهید کران و 5000 کەسی تریش بریندار بوون.

بەکارهێنانی چەکی کیمیایی سەرپێچی یاسای پرۆتۆکۆڵی ساڵی 1925 ی جینۆسایدە. لەم بەیاننامەی پرۆتۆکۆڵەدا هاتووە، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کۆکوژ بە هەموو جۆرەکانیەوە قەدەغەیە. سەدام حسێن لە یەکێك لە کۆبونەوەکانی سەرانی بەعس دا ئەڵێت: پێشکەوتوترین چەکی کیمیاییمان هەیە، بەڵام نەك بە ئەندازەی ئەمریکا و ڕوسیا. تائێستا هیچ دیکتاتۆرێك بەو جۆرە باسی لە چەکە کۆکوژەکەی وڵاتەکەی نە کردووە لە مێژودا.

ڕژێمی عێراق نەك تەنها چەکی کیمیاوی ئامادەکردبوو بۆ نەتەوەی کورد، بەڵکو چەکی بایلۆجیشی ئامادەکردبوو بۆ لە ناوبردنی. نامەیەکی نهێنی لە لایەن دەزگای هەواڵگری ڕژێمەوە بە ژمارە ( ج1 277 لەبەرواری 3 / 8 /

1988 ) بۆ بەرپرسی هەولێر نێردرا. جگە لەم نامەیە چەند نامەیەکی نهێنی تر نێردراوە یەکێك لەم نامانە زۆرنهێنی بووە، بە ژمارەی ( 10135 ) 25 / 5 / 1986 ) هاتووە، داواکراوە لە بەرپرسانی هەولێر و دەوروبەری ئاماری شەش مانگی چەکە کیمیاوی و بایلۆژییەکانیان بۆ رەوانە بکرێت ، ئەم ئامارە لە بەرواری 6 / 8 / 1986 بۆ هەموو سوپای رژێم نێردرا. جێگیرکردنی چەکی کیمیاوی و بایلۆجی لە خاکی کوردستاندا ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت رژێم پێشتر پلانی جێگیرکردنی ئەم چەکە کۆکوژانەی لە خاکی کوردستاندا ئە نجام دابوو.

هەڵە بجە شارێکی مێژوویی و کەلتورییە لە هەرێمی کوردستاندا. ئەم شارە لە ساڵی 1988 نزیکەی 70000 دانیشتوی تێدا دەژیا. بەرواری 16 / 3 /1988 رژێمی عێراق ئەم شارەی کردە نیشانەو کیمیا بارانی کرد. فرۆکەکانی رژێم بێبەزەییانە ئەم شارەیان کیمیاوی باران کرد 5000 پە پولەیان شەهید کرد و 10000 کەسیشیان لێ بریندار کردن. ئەوانەشی ئەیان ویست لە شارەکە هەڵبێن لەلایەن سوپای رژێمی عێراقەوە دەست بەسەردەکران . هەندێکی تریش بەرەو سنورەکانی وڵاتی ئێران هەڵهاتن. لە گەرمەی ئەم جینۆسایدەدا رۆژنامە جیهانیەکان ئاگاداربوون و بە وێنەگرتنی ئەم تاوانە جیهانیان ئاگادارکردەوە، کە رژێمی عێراق ئە مجارە هێرۆشیمایەکی تری دەرهەق بە نەتەوەی کورد ئە نجام داوە. نێردراوی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەردانێکی خێرا سەردانی نەخۆشخانەکانی ئێران و عێراقی کردو لە نزیکەوە چاوی بە بریندارەکانی ئەم جینۆسایدە کەوت. لە گەرانەوەیدا بۆ هەموو جیهانی سەلماند، کە رژێمی عێراق چەکی کیمیاوی و بایلۆجی و میکرۆبی بەرانبەر نەتەوەی کوردو بەتایبەت لە شاری هەڵە بجە بەکارهێناوە. تەنها لە نەخۆشخانەکانی ئێراندا ناوی 2198 شەهیدی هەڵە بجە لە ساڵی 1988 تۆمارکراوە . لە بەرواری 9 / 9 / 1988 باڵیۆزی ئۆستراڵیاو ئەندامی کۆمەڵی نێودەوڵەتی نامەیەکی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی ئاراستەی کۆمەڵی نێودەوڵەتی دژی چەکە کیمیاویەکان کرد. لە نامەکەدا هاتووە نارەزای وڵاتەکەی لەهەمبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە نەتەوەی کورد لە لایەن رژێمی عێراقەوە دەردەبرێت. لەبەرواری 10 تا 14 ئە پریلی 1988 تیمێکی شارەزا لەبواری تاکسیکۆلۆژی ( کیمیاوی ناسان ) لە زانکۆی جنێف بەسەرۆکایەتی ( پرۆفیسۆر هەندرێکس ) دوای سەردانکردنیان بۆشاری هەڵە بجەو وەرگرتنی نموونەو سەردانیکردنی بریندارەکانی ئەو تاوانە گەورەیەی لە نەخۆشخانەکانی ئێران و عێراقدا، لە راپۆرتی ژمارە( 881 پ ج / 88 . راپۆرت ) رایگەیاند : کارەسات، کۆمەڵکوژی، جینۆساید، هێرۆشیمای دوو، بەسەرشاری هەڵە بجەدا سێبەری دا تەنیوە. هیچ زیندە وەرێك بەزیندوویی نەماوەتەوە . بۆنی مەرگ ئەوشارەی داگیرکردووە. ئەم گروپە چەند نموونەیەك لە جلوبەرگی شەهیدەکان وبەردو خاك و پارچەی جەستەی شەهیدەکانیان بۆ تاقی کردنەوە لەگەڵ خۆیان برد بۆ پشکنین لە زانکۆی جنێف. دوابە دوای پشکنینەکان بۆیان ئاشکرا بوو سێ جۆر مادەی کیمیاوی لە هەڵە بجەدا بە کار هێنراوە. لە لێکۆڵینەوەی ئەم زانکۆیەدا باس و ئاشکراکردنی زیانەکانی ئەم سێ جۆرە کیمیاویە لەرێگەی ئەکۆسیستمەوە ئاشکرا کراوە. کۆمەڵی ئابوری و کۆمەلایەتی، مافی مرۆڤ، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بەرواری 16 / 9 / 1988 داو لە بەیاننامەیەکی راگەیاندراودا باس لە پێشێلکردنی مافی کۆمەڵگەی کوردی دەکات و لە مادەی 12 ئاماژەی پێکراوە. لەم بەیاننامەدا هاتووە رژێمی عێراق پێشتر پلانی بۆ ئەم کارانە دارشتووە ئەویش بەمەبەستی لە ناو بردنی کۆمەڵگەی کوردی ( کوشتن، گرتن، ئەشکە نجەدان، راگواستن، بەعەرەبکردن، تعریب ) لە هەمان بابەتدا باس لە بابەتێکی تر دەکات.

لە مارسی 1988 دا 400 گوندنشینی ناوچەی قەرەداغ بە چەکی کیمیاوی جینۆساید کراون، هەروەها لە ناوچەکانی شێخ وەسان لە دۆڵی بالیسان، لەساڵی 1987 360 کورد شەهید کراون. باس لە 300 کوردی شاری

سلێمانی دەکات شەهید و بێسەرو شوێنکراون. لەم بەیاننامەداو لە مادەی سێ باس لە وێرانکردنی گوندی ( چیمەن ) دەکات لە پارێزگای کەرکوك. مانگی نۆڤەمبەری 1986، لە گوندی ئەعەم 150 کوردیان شەهید کردووە، کە پێکهاتبوون لە ژن منداڵ لاوو بەساڵاچووان. لە مادەی 33 دا باس لە تاوانێکی تری ڕژێمی عێراق دەکات بەرانبەر کۆمەڵگای کورد.

لە 48 گیراو لەگرتووخانەکانی ڕژێمدا 8 منداڵی تێدابووە. ڕوونیشی دەکاتەوە، کە لە 104 گیراوەی تر بێ ئاگان.

لە مانگی مارسی 1988 ڕژێمی عێراق دەستی کرد بە هێرشی ئاسمانی و زەمینی بۆ ناوچە کورد نشینەکان و بەناوی ( ئەنفال ) بەوتەی وەزیری بەرگری ڕژێمی عێراق تاکو بەرواری 5 / 9 / 1987 بەردەوام بووە. هێرشی سوپای ڕژێمی عێراق بۆناوچە کوردنشینەکان بەناوی ( ئەنفال )و بۆ لەناو بردن – کوشتن – زیندانی کردن – تاڵانکردن – ڕژێم سوپاکەی سەرپشك کردبوو. مەبەستی سەرەکی ڕژێم خەڵکی بێتاوان و گوند نشینان بوو. ژن و منداڵ و بەساڵاچووان بەلای سوپای ڕژێمەوە یەکسان بوون.

( عەدنان خێروڵلا ) وەزیری بەرگری ڕژێمی عێراق کۆمەڵکوژی کوردەکانی بەم شێوەیە باس دەکرد. ( لا یمکننا تمییز المتمرد منهم عن غیره لانهم یلبسون الزی الکردی جمیع الادا کان هناك من یحمل بیده سلاحا )

واتا : ئێمە ناتوانین پێشمەرگەو خەڵکی ئاسایی لەیەك جیابکەینەوە ، لەبەرئەوەی هەمووان جل و بەرگی کوردیان لەبەرەو هەروەها پێشمەرگەکانیش.

لە بەیاننامەکەی ساڵی 1945 بەندی چواردا بابەتێك نوسراوە .

بە پێی یاسای دادگای نۆرن بێرگ و تۆکیۆ، تاوانبارەکانی جەنگ پێویستە لە دادگای نێودەوڵەتی دادگایی بکرێت و پێویستە ڕێز لەم دادگایە بگیرێت.

1- بابەتەکانی تاوانبارانی جەنگی 13 / 1 / 1942

2- بابەتەکانی مەحکوم کردنی حزبی نازی بەهۆی تاوان کردنیان بەرانبەر بە جولەکە 30 / 10 / 1943

3- یاسای دادگای جەنگ ( نێودەوڵەتی ) 8 / 8 / 1945

4- پەیماننامەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە دادگایکردنی تاوانبارانی جەنگ 13 / 1 / 1946 و 1947

5- پەیماننامەی جینۆساید سەبارەت بە قوربانیانی جەنگ 12 / 8 / 1949

6- پەیماننامەی 1948 سەبارەت بە قەدەغەکردنی جینۆساید و دادگایکردنی تاوانباران .

کۆمەڵەی، ئابوری و کۆمەڵایەتی، کۆمیسۆنی مافی مرۆڤ، کۆمەڵی نێودەوڵەتی .

لە ڕاگەیدراوێکیدا ( مۆ ) 18 / 2 / 1992 بریتی بوو لە 96 پەڕە ڕاگەیاندنی تایبەتی کۆمیسیۆن بە سەرۆکایەتی ( ڤان دیریستۆیڵ ) باس لە تاوانەکانی ڕژێمی عێراق دەرهەق بە کۆمەڵگەی کورد دەکات و بە بەڵگەو دۆکۆمێنتەوە دەیسەلمێنێت.

ڕژێمی عێراق جینۆسایدی ئە نجام داوە

ناوبراو لە ڕاپۆرتەکەیدا دووپاتی دەکاتەوە ڕژێمی عێراق لە کوردستاندا، بەرانبەر کوردەکان هەستاوە بەم تاوانانە، ڕاگواستن، گرتن، کۆمەڵکوژی، لە ناوبردنی کۆمەڵگە، لەناوبردنی مێژووی کورد، ئابوری و لەکۆتاییدا بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی بۆ لەناوبردنی تەواوی کوردەکان. بە پێی ڕاپۆرتی مافی

مرۆڤ، لا تاوانەکانی ڕژێمی عێراق بە شێوەیەکی ڕەسمی سیستەماتیك تۆمارکراوە. بە پێی لێکۆلینەوەکانی ئەم کۆمسیۆنە لە چواچێوەی بەندی دووەمی بەیاننامەکەی ساڵی 1948 قەدەغەکردنی جینۆسایدو چەکی کۆمەڵکوژی و دادگای کردنی تۆمەت بارەکانی واژووی لەسەرکراوە. لە ڕا پۆرتی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤدا هاتووە جگە لە ڕونکردنەوەی تاوانەکانی ڕژێمی عێراق، هەندێ بەڵگەی ترمان لە بەردەستدایە ئەمانەن: وەدەرنانی کوردەکان لەخاکی خۆیاندا، لەناوبرنی جێگەی نیشتەجێبوون، لە سێدارەدانی بەکۆمەڵی کوردەکان، لە ناوبردنی ژن و منداڵ و بەساڵاچووان، ژەهراوی کردنی ئاو ، تاوانی پزیشکی ئاماژەی بۆ کراوە.

لە ناوبردنی 4000 گوند لە کوردستاندا، ئاوارە کردنی زیاتر لە یەك ملیۆن کورد. لە مادەی 98 کۆمسیۆندا هاتووە گولە بارانکردنی ئەنفالەکان.

لە ئاماری کۆمیسیۆندا باس لەناوبردنی گوندەکان دەکات بە ژمارە :

1- لەناوبردنی 3839 گوند و شارۆچکە

2- چۆڵکردنی 1752 قوتابخانە

3- لەناوبردنی 2457 شوێنە ئایینیەکان ( مزگەوت تەکیە و کەنیسە )

4- زەرەرو زیانی نەخۆشخانەکان 271

5- ڕاگواستن 219828 کورد .... مادەی 100 کۆمەڵی نێودەوڵەتی ، لە ڕاگەیانراوەکەی مافی مرۆڤدا لە مادەی 103 بەردەوامە :

گەورەترین تاوان دەرهەق بەکوردەکان، لەسێدارەدانی خانەوادە کوردەکان بە بەرنامە بۆ داڕێژراوی پێشوەخت و بە بیانوی سەرکوتکردنی کوردەکان.

بەرنامەی لەناوبردن :

ئەوبەڵگەنامانەی بەردەست کەوتوون سەربە لێپرسراوانی ڕژێم بوون لە ناوچە کوردنشینەکان لە باکوری عێراق ( مكتب شوون الشمال )

لە پایزی 1987 تا زستانی 1989 لێپرسراوی هێرشکردن و ئە نجامدانی تاوانی ئەنفال لە ئەستۆیدا بووە. بەڵگەنامەکان تالانی، لەناوبردن، داخستنی کێڵگەی پەلەوەرەکان، نیشتەجێکردنی بە زەبروزەنگ لە سەربازگەکاندا، بەشێك لەو بەڵگەنامەیە باس لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی کورد دەکات ڕژێم بە ناوی ( عوامل اغتشاش )ی لێ نابوون.

لە هەمان مادەی 103 دا هاتووە ژمارەی ئەو خێزانە کوردانە 15000 خێزان بوون. واتا ( 182000 ) کورد بوون و ڕاگوازراون بۆ جێگەیەکی نادیار. کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ ڕای دەگەیەنێت، 239 کورد لە پرۆسەی ئەنفالدا ئەنفال کراون.

کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ باس لە جینۆسایدی ( تورکمان – ئاشوری – عەرەبی شیعە )کان دەکات، کە ڕژێمی عێراق دەرهەق بە ئەوانیش کردوویەتی. کۆمەڵەی هاریکاری نەتەوە زوڵم لێکراوەکان، لە ئەڵمانیا لە بەیاننامەی ژمارە 4 ی مانگی فێبریوەی ساڵی 1991 بە بەڵگەو دۆکۆمێنتەوە ئاشکرای دەکات، ڕژێمی عێراق لە خاکی کوردستاندا تاوانی جینۆسایدی ئە نجام داوە. هەروەها باس لە 70000 کورد دەکات، کە لە لە ساڵی 1988

لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر و کەرکوك ) ڕاگوازراون . جێگەی وەبیر هێنانەوەیە، کە وڵاتی ئەڵمانیا یەکێك بووە لەوانەی چەکی کیمیاوی فرۆشتووە بە ڕژێمی عێراق.
ئیدوارد مۆرتمیزی بریتانی ، ڕۆژهەڵاتناس لە بلاوکردنەوەیەکیدا لە ( 3 / 6 / 1989 ) لە ڕۆژنامەی فاینشناڵ تایمز باس لە ڕاگواستنی 300000 کورد دەکات بۆناوچەیەکی تر. هەر لەم بلاو کراوەدا هاتووە لە مانگی سێپتەمبەری 1988، سەدام حسێن ڕێگەی داوە بە 200 ڕۆژنامەنووس سەردانی ناوچە کورد نشینەکان بکەن.
لەهەمان کاتدا 150000 – 200000 کورد ئاوارەی سنورەکانی ئێران و تورکیا بوون.
یۆگین گات شلیخ، ڕۆژنامەنوسی ئەڵمانی لە ڕۆژنامەی تاگس تسیتۆنگ، کە لە بەرلین بە چاپ دەگات، لە بەرواری 21 / 9 / 1988، نوسیویەتی: ئەوکاتەی لە فڕۆکدا بووم بەرەو شارە کورد نشینە کان بەرێ کەوتم، ئەو گوندانەم بەرچاوکەوت، کە ڕەش بووبونەوەو سووتابوون. گوندە کوردنشینەکانی سنوری عێراق و ئێران و تورکیاش هەر بەهەمان شێوە سوتاوو وێران و لە ناوچووبوون.
ڕژێمی عێراق دوای 30 ساڵ دەستی گرت بەسەر کوردستاندا، بەڵام هەم دانیشتوانەکەی لە ناوبرد هەم خاکەکەشی سوتاندبوو. زیاتر لە 4000 گوندیشی لەناوبردبوو.
ناوبراو باس لە بلاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ دەکات لە پاریس، کە تێیدا هاتووە، ڕژێمی عێراق لەساڵی 1990- 1991 دەستی کردووە بە ڕاگواستنی چوار شاری گەورەی کوردستان. بێکاری لە ناوچە کوردنشینەکاندا گەشتۆتە 0,3٪ . بە پێی ئەو سەرچاوانەی لە بەردەستدان ژمارەی ڕاگوازاوە کوردەکان گەشبووە دوو ملیۆن .
( هێڵگا گراهام )ی ڕۆژنامەنوسی بریتانی، لە یەکێك لە بابەتەکانیدا ( 2 / 2 / 1989 نوسیویەتی : 100000 دانیشتوی قلادزێ لە خانووەکانیان دەرکراون، تەنانەت ڕژێمی عێراق درەختەکانیشی لەناوبردووە.

( ڤان دیرستۆڵ ) جێگری کۆمەڵی نێودەوڵەتی، لە ڕونکردنەوەیەکدا باس لە 33 نامەی نهێنی ڕژێمی عێراق دەکات لە ئەپریل 1988 دا، هەروەها باس لە جینۆسایدی یەکێك لە شارە کورد نشینەکان دەکات و ڕونی دەکاتەوە.
کارەساتی ئەنفال بە دڕندەترین کۆمەڵکوژی بەئە نجام گەیەنراوە، کە لەمێژووی جیهاندا ڕوی نەداوە. ناوچەی گەرمیان بەر ئەو شاڵاوە کەوت و دانیشتووانی ئەوناوچەیە لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە بە ئۆتۆمبێلی سەر بازی ڕاگوازران بۆ ( نۆگرە سەلمان ) یەکێك لەو گیراوانەی نۆگرەسەلمان بەم جۆرە دەگێڕێتەوە: لە چوار گرتوخانەی نۆگرە سەلمان 5000 گیراوی کوردی گەرمیان تیدابوو، لەماوەی 6 مانگ و دە ڕۆژدا 1875 ژن و منداڵ و بەساڵاچوو لەبرساو بە ئەشکە نجەدان گیانیان لەدەست داو شەهید بوون. دوا بەدوای هەریەك لەو شەهیدانە، چوار سەربازی ڕژێم دەهاتنە ژورەوە و لاشەکەیان دەبرد و چاڵێکی بچوکیان هەڵئەکەندو بەبێ کفن و شۆردن لە چاڵەکەیان دەنا، هەروەها قوڵی ئەوچاڵەش زۆرکەم بوو پاشان هەندی خاکیان دەکرد بەسەریداو بە جێیان دەهێشت. سەگەکانی ئەو ناوچەیەش دوابەدوای جەلادەکان تەرمەکەیان دەردەهێناو دەیا نخواردن. نوسراوێکی نهێنی ئەمنی ڕژێم لەسلێمانی بەژمارە 25163 – 29 / 10 / 1988 لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە باس لە ئە نجامدانی تاوانیك دەکات، کە بەئە نجام گەیەنلراوە:
1 – 9 کەس بەبیانوی هاوکاری پێشمەرگە لەسێدارە دراوە

2 – 19 گوند نشین لەسێدارە دراوە بە بیانوی ئەوەی هاتووچۆیان لێ قەدەغەرابوو، بە ژمارە 4008 – 20 / 6 / 1987 بە مادەی 15 لەسێدارە دراون

3 – 6 خانەوادەی پێشمەرگە بریتیبون لە 18 ئەندام بە فەرمانی لێپرسراوی ( مكتب تنغم الشمال ) لە سێدارە دراون

4 – دەرکردنی فەرمانی لە سێدارەدانی 47 پێشمەرگە لەلایەن ( رئاسە محكمە السورە )

5 – 2532 کەس و 1869 خێزان، کە ژمارەیان دەکاتە 9030 کورد، لە پرۆسەی ئەنفال دا هەموو ئەمانە دەست بەسەرکراون و ڕاوانەی سەربازگەکانی ڕژێم کراون لە پارێزگای ( تەئمیم ).

لە بەرواری 25 تا 29 ئۆگۆستی 1988 فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراق ناوچەی دهۆکیان کیمیاوی باران کردووە. لە هێرشی ڕژێم بۆ ناوچەی بادینان 340 خێزان بۆ ناوچە شاخاویەکان لە ( گەلی بازی ) هەڵهاتن و نزیکەی 2470 دانیشتووی ئەوناوچەیە خۆیان حەشاردابوو، کە زۆرینەیان ژن و منداڵ بوون. بەرە بەیانی 29 ئۆگۆستی 1988 شەش فڕۆکەی ڕژێمی عێراق ناوچەی گەلی بازییان کیمیاوی بارانکردو چەند ساتێك دواتر 6 فڕۆکەی تری ڕژێم دووبارە ناوچەکەیان کیمیاوباران کردەوە.

لەکۆتایدا 2980 شەهیدی لێکەوتەوە. ڕژێمی عێراق لە هێرشەکانیدا تەنها مەبەستی سەرکوت کردنی کوردەکان نەبوو، بەڵکو مەبەستی لەناوبردنی نەتەوەی کورد و لەناوبردنی خاکی کوردستان بوو. ڕژێمی عێراق هەموو جۆرەکانی کوشتن و لە ناوبردنی لە بەرانبەر کوردەکاندا بەکار دەهێناو بۆ ئەمەش بەڵگەنامەیەکی نهێنی ڕژێم

نیازە چە پەڵەکانی حیزبی بەعس پیشان ئەدات:

1 – فەرمانی نهێنی حیزبی بەعس، شاخی زاخۆ، بەژمارە س / ش 664 لە بەرواری 14 / 6/ 1987 بۆهەموو ئەندامانی حیزبی بەعس بە فەرمانی ( مكتب التنزيم الشمال ) 28 / 2650 لەبەرواری 3 / 6 / 1987 نوسراوە.

2 - نامەی لەشکری یەکەم / س ف / 1725 – 12 / 6 / 1987 بەڵگەکانی ( قياد مكتب تنزيم الشمال ) س ف / 4008 لە بەرواری 20 / 6 / 1987

3 – نامەی ( قياد مكتب تنزيم الشامال ) 28 / 4008 لەبەرواری 20 / 6 / 1987 بە فەرماندەیی یەکەم و دووەم و پێنجەم، بە واژۆی ( على حسن مجيد ) بەرپرسی فەرماندەی گشتی لە باکور و بە فەرمانی ( مجلس قياد السوره ) بۆ بەرپرسانی باکورو لە پارێزگا کوردییەکان نێردرا. لەم نامەیەدا هاتووە، بڕیاردراوە هەموو شارە کورد نشینەکان نیشتە جێبوونیان بۆ کوردەکان قەدەغەکراوەو ئەبێت هەموویان ڕاگوازرێن لە بەرواری 21 / 6 / 1987 و تا 22 جولای کۆ بکرێنەوە.

1- هەمووجۆرە هاتووچۆیەك لەگوندەکان قەدەغەبکرێت

2 – دانیشتیوانی گوندەکان ڕێگیری کشتوکاڵیان لێبکرێت

3- سەربازەکان سەرپشکن لە بەکارهێنانی هەمووجۆرە چەکێك و کوشتنیان لە کاتی سەرپێچیدا

4 – هاتووچۆ بە هەموو جۆرێك لەو ناوچانە قەدەغەیە

5 – کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالآت ئەبێت بە یاسای سەربازی بێت

6 – سوپای نیشتە جێکراو لە ناوچەکەدا ڕاوکردنی گیاندارە کێویەکان قەدەغە دەکات و ڕاوکردنی دانیشتوانی ناوچەکە ئازاد دەکات

7 – ئەوكەسانەی لە ناوچەكەدا نیشتەجێن ناتوانن هاتووچۆ بكەن و سەرپێچی كردنی ئەم فەرمانە دەخرێتە بەندیخانەو تەمەن 15 تا 70 ساڵ بەبێ دادگای كردن گولە بارن ئەكرێت.
8 – جاشەكان سەرپشكن لە تالآن كردن و دەسدرێژی كردن
ئەم فەرمانە لە سەركردایەتیەوە هاتووەو ئەبێت خاڵ بەخاڵ جێ بەجێ بكرێت.
لە بەرواری 30 / 6/ 1987 و بە فەرمانی فەرماندەی گشتی بە سەرۆكایەتی سەدام حسێن فەرمانێك بە ژمارە 457 دەردەكات و هەموجۆرە كشتوكاڵێك لەناوچە كوردنشینەكاندا قەدەغە دەكرێت .
لە فەرمانی ژمارە 1182 دا لە بەرواری 28 / 8 / 1988 وەزیری بەرگری ڕژێمی عێراق فەرمانی لەناوبردنی گوندنشینە كوردەكانی دەركردو بە پێی ئەم فەرمانە گشت گوندنشینە كوردەكان لەدەوروبەری شارەكانی هەولێر، سلێمانی، كەركوك دەستنیشان كرابوو لە هەمان فەرماندا هاتووە، قوتابخانەكان، شوێنە ئایینیەكان، مەرقەدی شێخەكان، دەرمانگەكان، شوێنە مێژووییەكان و تەنانەت گۆڕستانەكانیش ئاگر تێ بەربدەن و لەناویان بەرن.

پەرلەمانی ئەوروپا لە بەرواری 4 / 9 / 1988 جگە لە ناڕەزایی بەرانبەر ڕژێمی عێراق سەبارەت بەم كارە، تاوانباریشی دەكات بە كۆمەڵكوژی و جینۆساید، ڕاوەدونان، كیمیاوی باران، ڕاگواستنی كوردەكان.
دوای كیمیاوی بارانی ناوچە كورد نشینەكانی كوردستان، كۆمەڵێك كیمیاوی ناس سەردانی ناوچە كوردنشینەكانیان كردو لە گوندەكانی سنوری توركیاو بە سەرپەرشتی
( پیتر و گالبرایت و كریستۆفێر ڤان هۆلین ) دەسیانكرد بە لێكۆڵینەوەو لە ڕاگەیاندنەكەیاندا لە بەرواری 12 / 9 / 1988 بەم جۆرە دەدوێن:
چەكی كیمیاوی سەدان هەزار خەڵكی بێتاوانی لەناو بردووە، كە لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە بەكارهێنراوەو بە سیاسەتی ( میلیتاریستی )و بە مەبەستی چۆڵكردنی كوردنشینەكانی ئەو ناوچە ئەم تاوانەی ئە نجام داوە.
هۆكارەكانی بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی بەم مەبەستانە دەگەڕێتەوە:
1- چۆڵكردنی شارو شارۆچكەو گوندەكان
2- ڕاگواستنی زۆرە ملێی كوردەكان و نیشتەجێكردنیان لە سەربازگەكاندا
3- بە عەرەب كردنی كوردەكان
4- بە كارهێنانی چەكی كیمیاوی بۆ ڕاوەدونانی ناوچە كوردنشینەكان و لە ناوبردنی نەتەوەی كورد و مێژووی كوردستان.
نوێنەری وەزارەتی ئەمریكا لە بەیاننامەی ژمارە ( 52736 ) 1988 بە دڵنیا كردنەوەی لەلایەنە پەیوەندی دارەكان باس لە قەدەغەكردنی چەكی كیمیاوی دەكات. لەكاتێكدارژێمی عێراق چەكی كیمیاوی دژ بە نەتەوەی كورد بەكاری هێناوە.
ڕووبەری كوردستان لە ژێر دەسەڵاتی عێراق دا 86000 كیلۆمتر چوارگۆشەیەو ڕژێم لە ساڵی 1988 تەنها 7729 كیلۆمتر چوارگۆشەی داوە بەكوردەكان، 78271 كیلۆمتر چوارگۆشەی لە خاكی كوردستان دابڕیوەو خستویەتیە سەرخاكی عەرەب. ڕژێمی عێراق بە بەرنامەی جینۆسایدی فیزیكی، كۆمەڵایەتی، مێژووی، ئابوری،

بایلۆژی، سیمای زۆرینەی خاکی کوردستانی لەناوبردووە. لە یەك پارچەیی خاکی کوردستان تەنها وێرانکاری بەجێماوەو وێنەی کوردستانێکی ڕەشپۆش بەم شێوەیە درا لە دیواری مێژوو:

1- 781 گوند لە پارێزگای کەرکوك لەناوچون

2- ناحیەی قادرکەرەم، نەوجول، سەنگاو، ڕێدار، تیلەکۆ، ئاغجەلەر ئەمانە بەدەستی ڕژێم سوتێنران و لە ناوبران و ئەنفال کراون.

3- 39178 خانوو لە پارێزگای کەرکوك ڕوخێنراون .

4- 45777 خانەوادە ئاوارە و نادیارن

5- 228885 کورد بە بڕیاری ڕژێم بەرەو شوێنێکی نادیار براون.

6- 381 قوتابخانە ، 657 مزگەوت ، 69 نەخۆشخانە لەناوبراون .

7- 52 خەزێنەی ئاو، 42 بەخێوکردنی پەلەوەر (دەواجن )، 135 کانیاو لەناوبراون .

8- 157 تەکیە و خانەقا و شوێنە ئاینییەکان لەناوبراون .

9- 1435 باخ و کێڵگە لەناوبران.

10- 17200 ئامێری کشتوکاڵی تێك شکێنراون.

11- 472770 مەڕ لە لایەن جاش و سەربازەکانی ڕژێمەوە دەستیان بەسەراگیرا.

12- 15000 مانگا بەهەمان شێوە دزران .

13- 570000 تەن گەنم و جۆ سوتێنران ( ئەم ئامارە تەنها لە پارێزگای کەرکوك و ناوچەکانی سەربەم پارێزگایە ڕویداوە).

لە پارێزگای دهۆك لە ساڵی 1985 تا 1987 – 150 گوند لەناوچوون .لە پرۆسەی ئەنفالدا، کە لە 25 / 8 / 1988 بۆ 15 / 9 / 1988 دەستی پێکرد، ئاماری وێران کاری لەم ناوچەیە بەم جۆرەیە:

1- 233 گوند لە ئامێدی

2- 35 گوند لە ئاکرێ

3- 19 گوند لە شێخان

4- 100 گوند لە زاخۆ

5- 63 گوند لە دهۆك

سیاسەتی جینۆساید دژ بە نەتەوەی کورد تەنها لەناوخۆی عێراقدا نەبوو، تەنانەت ڕژێمی عێراق دەستبەرداری ئەو کوردانەی لەترسی کیمیاباران و کوشتن و لەناوبردن پەنایان بۆ سنوری تورکیا و عێراق دەبردو لەناوخاکی تورکیاشدا وازی لێ نەدەهێنان . ڕژێمی عێراق لەناوخاکی تورکیادا هەوڵی ئەدا کوردەکان لەناوبەرێت.

له 8 / 6 / 1989 بەکرێ گیراوانی ڕژێم له ( ئۆردوگای ماردین ) خواردنی ژەهراویان بەسەر ئاوەره کوردەکاندا دابەش کردو دوانیوەڕی ڕۆژی دواتر ئاسەواری خواردنە ژەهراویەکە کاریگەری کردە سەر ئاوارەکان، تاکو دوانیوەڕوی ڕۆژی 11 /6 / 1989 ژمارەی نەخۆشەکان گەشتە 3000 هاولاتی. نیشانەکانی ئەم ژەهره بریتی بوو لە، تەنگە نەفەسی، خورانی لەش، سوربونەوەی چاو، لەرزو تاو لە کارکەوتنی ئەندامانی لەش.

دەزگای خێرخوازی ( هێلسینکی واتچ ) لەمانگی جولای 1990 لە بەیاننامەیەکدا سەبارەت بە کوردەکانی ژێردەسەلاتی ڕژێمی تورکیا دەڵێت:

له ئۆردگای قەزەل تە پە لە ماردین – 2000 کورد لەڕێگەی خواردنەوە ژەهراوی کراون، هەروەها لە ئۆردوگای دیاربەکرو لە هەمان ساڵدا واتا 1990 دا 1700 کوردی دیکە ژەهراوی کراون. کۆمەڵی ( ئەمێنستی ئەنتەرناسیۆنال ) لە لەندەن لە ڕاگەیەنراوێکیدا لە 14 / 1 / 1988 ڕژێمی عێراق بە بەکارهێنانی ژەهر، سالیۆم دژ بە پێشمەرگە و خەڵکی بێتاوان تاوانبار دەکات.

هەروەها لەبەشی یەکەم، مادەی دوو باسمان لە قەدەغەکردنی جینۆساید لە ساڵی 1948 کرد.

تەواوی مادەی دوو تەنها بریتی نیە لە جینۆسایدو کۆمەڵکوژی، بەڵکو بریتیە لە هێرشی فکری، کۆپی کردنی مێژوو، بلاوکردنەوەی بەدرەوشتی، موعتاد کردن بە مادە هۆشبەرەکان ..... لە کۆمەڵگەیەکی جینۆسایدی کیمیاوی باراندا جگە لە هۆکارەکانی سەرەوە، کیمیاباران ئەبێتە هۆی لە کار کەوتنی ئەندامانی لەش وەك نابینایی( ئیفلیج )ی، تەنگەنەفەسی و ئەمانە هەموو بە جینۆسایدی بایلۆژی ناودەبرێن.

هاو پە یمانی نێودەوڵەتی لە 9 / 5 / 1988 بەدەرکردنی بەیاننامەیەك بەژمارە 612 بەکارهێنانی هەر جۆرە چەکێکی کیمیاوی قەدەغەکرد. ئەم بەیاننامەیە هەرچەندە ڕاستەوخۆ بەناوی عێراقەوە نەبوو، بەلام بەهۆی ئەوەی ڕژێمی عێراق چەکی کیمیاوی دژ بە کوردەکان بەکارهێناوە، بۆیە مەبەست لە دەرکردنی بەیاننامەکە ناڕاستەوخۆ ڕژێمی عێراق بوو.بیست و هەشت نوێنەری کۆنگرێسی ئەمریکا لە دیسەمبەری 1988 لە نوسراوێکی ناڕەزایی دا، کە واژووی لەسەر کرابوو، بە بالیۆزخانەی عێراق ( سەفارەت ) لە واشنتن درا. لەنوسراوەکەدا هاتووەو داوا لە سەدام حسێن دەکەن، کە دەستبەرداری لەناوبردن و ڕاگواستنی کوردەکان بێت. هەروەها نووسرابوو بەهۆی سیاسەتی تۆوە سەدان هەزار کورد لە باکوری عێراق ڕاگوازراون. سەرچاوە هەواڵگرییەکانی ئێمە پێیان ڕاگەیاندوین، کە ناوچەی دەستنیشان کراو هەمان ناوچەیە ساڵی ڕابوردوو لە ڕێگەی فرۆکە جەنگییەکانی ڕژێمەکەتەوە کیمیاباران کراوە. هەڵسوکەوتی تۆ لە کوردستانی عێراق پێشێلکردنی مافی مرۆڤە. لەکۆتایی نامەکەدا هاتووە هەرچی خێراتر کۆتایی بەو تاوانانە بهێنە : ڕژێمی عێراق ئەبێت دان بە مافی کوردەکاندا بنێت.

چەند ڕۆژێك دوای کیمیابارانی هەڵە بجە، ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانیا لەنامەیەکدا بۆ خاوێر پرز دوکۆئیار، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان داوادەکەن بەخێراترین کات ڕێگری لە دووبارە کیمیاباران نەکردنەوە لەلایەن لە ڕژێمی عێراقەوە بکەن.

ئەیارانی کورد لە 24 / 2 / 1989 لە نوسراوێکی چەواشەکارانەدا، کە بۆ مافی مرۆڤ نێردراوە، پەردە لە سەر زۆرینەی تاوانە نهێنیەکانی ڕژێم هەڵدەماڵێت. ئەم نوسراوە تایبەتە بە ساڵی 1988و بەم جۆرە باس دەکات.
147 کەس بەچەکی کیمیاوی گیانیان لەدەست داوە.
لە تاوانی ئەنفالی 25 / 8 / 1988دا 724 شارو شارۆچکەو گوند لە ناوچەکانی گەرمیان و سلێمانی و کەرکوك لەناوچوون. لەمانگەکانی مارس و ئەپریلی 1988دا 448 گوند لەناوچەی دهۆك و موسڵ وێران کران، هەروەها لە نێوان مانگەکانی ئۆگۆست و سێپتەمبەری 1988 دا ژیانی ئاوارەکانی جەنگ زۆرخراپ بوون.
لە نوسراوی ناوبراودا باس لە هەندێکی تر لە تاوانەکانی ڕژێم لە ساڵی 1988 دەکات، کە بەم جۆرەیە :
1- 7407 ژنی کورد زیندانی کراون لە ناوچەی ( زەنگەنە، جەباری، سەنگاو ) هەروەها گواستنەوەیان بۆ گرتوخانەکانی دوبزو کەرکوك
2- 5600 ژنی دیکە لە ناوچەی ( یایجی ) کەرکوك
3- 4560 ژن و منداڵ
4- 7640 کورد زیندانی کراو ڕاگوازراون بۆ شوێنێکی نادییار
5- دەست درێژی سێکسی کردنە سەر هەزاران ژن .
لەهەمان نوسراودا هاتووە، ڕژێمی عێراق منداڵی 6مانگ تا 1 ساڵی بە بڕی 50 دینار فرۆشتووە بەخێزانە عەرەبەکان.
لە ناوچەی سلێمانی و کەرکوکدا 4000 خانەوادە لە مانگەکانی مارس و ئەپریلی 1988 دا زیندانی کراون هەنوکە 16000 خانەوادە لەزیندانەکانی ڕژێمدا ژیان بەسەردەبەن.
لەیەکێك لە بەڵگە نامە نهێنیەکانی ڕژێمی عێراقدا نوسراوە جیاوازی لە نێوان پێشمەرگەو خەڵکی مەدەنیدا ناکرێت، هەروەها دانیشتوانی شارەکانیش گەر پێویست بکات لە سێدارە دەدرێن و تەنانەت بریندارە بێتاوانەکانیش نابەخشرێن و پێویستە ئەوانیش لەناو ببرێن.
لە نامەی ژمارە 3324 – 14 / 5 / 1987 بۆ بەڕێوەبەری گشتی ئەمنی ناوچەی هەڵەبجە و بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی نوسراوە، ( اعلمنا معاونیه امن حلبجه ببرقتتها : 2858 فی 14 / 5 / 1987 بئنه اعملتهم امریه الجحفل الوتنی الخامس ببرقتتها 645 فی 13 / 5 / 1987 مایلی : بانه امر السید قائد الفیلق الاول بایعاز من رفیق علی حسن المجید اعدام الجرحی المدنین بعد التاکد من المزه الحزبیه و دائره الامن و شرته و مرکز الاستخبارات متاونتهم السلته .....

بە پێی ئەم نوسراوە، بریندارانی بێتاوان دوای ئەوەی دڵنیابوون لە دژایەتی کردنی ڕژێم بەفەرمانی علی حسن مجید ( علی کیمیاوی ) لەسێدارە دەدرێن، هەروەها ئەم بڕیارە ئەوکەسانەش دەگرێتەوە، کە کەس وکاری پێشەرگە بن و چاوپۆشی لە تەمەن و ڕەگەزیش ناکەن. علی حسن مجید لە فەرمانێکی دیکەدا بەژمارە ( 5585 ) لە 16 / 4 / 1988 .نێردراوە بۆ پارێزگای هەولێر: ئەو پێشمەرگانەی خۆیان بە دەستەوە بدەن هاوکاری مادی دەکرێن و مانگانە موچەیان دەدرێتێ و بە پێچەوانەوە خانەوادەکانیان لە ناو دەبرێت لێرەدا مەبەست لە خانەواده تەنها هاوسەر نییە، بەڵکو مەبەست لە هاوسەرو منداڵ و دایك و باوك و براو خوشکیشە. ئەمە دەقی نوسراوەکەیە ( من الزروری متابعتهم لقتع نسل هزا القزر . لە نامەیەکی دیکەدا بە ژمارە ( 17980 ) لە بەرواری 25 / 5 / 1987 لە لایەن ئەمنی سلێمانیەوە نێردراوەو نوسراوە خانەوادەی پێشمەرگەکان گولەباران بکرێن، هەروەها لە نامەی ژمارە ( 4350 ) بەرواری 7/9/ 1987 بە بڕیاری (علی حسن مجید ) لە دانیشتنی سەرانی بەعس بریار درا خانەوادەی پێشمەرگەکان ڕاگوازرێن و پیاوان زیندانی بکرێن، هەروەها لە تەمەنی12 ساڵ بۆ 50 ساڵ خێزانە کانیش ڕاگوازرێن. هەر لە هەمان نامەدا هاتووە ئەگەر کەسێکی ئەم خانەوادەیە لە جەنگی عێراق و ئێران شەهید کرابێت ئەم بڕیارە تەنها هاوسەرو منداڵەکانی پێشمەرگە دەگرێتەوە ( علی حسن مجید ) خۆی بە حاکمی کوردستان دانا بوو. لە 15 / 1989/4 دا ئەڵێت: ئێمە ڕێگری لە هاتوچۆکردنی کوردەکان بۆ ناوچەی (س ) دەگرین، هەروەها ئێمە دەتوانین ناوچەی ناوبراو ناوبنێین ناوچەی قەدەغەکراو. جینۆساید بوو بەهۆی دەربەدەری و ئاوارە بوونی هەزاران کوردو بە پێی بەڵگەکانی کۆمسیۆنی ئاوارەکان ( 382398 )کەس ئاوارەی خاکی ئێران بوون، ئەم ئامارە تەنها باس لە ئاوارەکانی خاکی ئێران دەکات.
سەرچاوە ئەوروپیەکان لە ساڵی 1988 باسیان لە 100000 قوربانی کورد کردووە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی عێراقدا، ڕاگەیاندنی بەرگری لە نەتەوەکان و کۆمەڵی نێودەوڵەتی، لە کۆنگرەی مانگی ئۆگۆست و سێپتەمبەر 1988 لە جنێف ( تیۆدۆر بوون ) نوێنەری هۆڵەندا ڕایگەیاند، بە بەڵگەو دۆکۆمێنتەوە دەیسەلمێنین ڕژێمی عێراق مافی کوردەکانی پێشێل کردووەو چەکی قەدەغەکراوی لەجۆری کیمیاوی بۆ لەناوبردنی کوردەکان بەکارهێناوەو داوای لە مافی مرۆڤ و یەکێتی ئەوروپاو ئەمریکاش کرد لەوە زیاتر ڕێگە نەدەن ڕژێمی عێراق زیادە ڕۆیی لە دوو بارە کردنەوەی ئەم جۆرە تاوانە بەرانبەر بە میلەتی کورد بکات. نوێنەرانی چەند وڵاتێکی دیکەش چەند بەڵگەنامەیەکیان سەبارەت بە لە سێدارەدان و زیندانی کردن و ڕاگواستن لە هەمان دانیشتندا خستە ڕوو، هەروەها وڵاتی عێراقیان خستە ناو لیستی ئەو وڵاتانەوە، کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکات.

بڕیاربوو لە بەرواری 1/ 9 / 1988 بەیاننامەی ناڕەزایی بەرانبەر ڕژێمی عێراق دەربکرێت، بەڵام نوێنەری مەغریب بە بیانوی ئەوەی ئەم بەیاننامەیە کاریگەر دەبێت لە سەر گفتوگۆی نێوان عێراق و ئێران، بۆیە نوێنەری مەغریب کشایەوە، جگە لە وڵاتی مەغریب 11 وڵاتی دیکەش کشانەوەو واژۆیان نەکرد، هەروەها لەهەمان کاتدا ئاگاداری کیمیاباران و ئەنفال و ڕاوەدونانی کورد بون و پشت گیری ڕژێمی عێراقیان کرد.ناوی هەندێك لەو

ولاتـانەش ( ئوردن، ئەلجەزائیر، چین، یەکێتی سۆڤێت، کوبا ، سۆماڵ، یوگسلافیا، یابان و .... لە دانیشتنی ساڵانەی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی، نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هۆکاری پێشێل کردنی مافی کوردەکانەوە بڕیاری دا نوێنەری عێراق لە وڵاتەکەی دەرکات و لە بەرەی ئەو وڵاتـانەدا ناوی برد، کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکات. لێرەدا ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ دەدەین و ئەو لایەنانەی باسیان لە مافی مرۆڤ دەکرد هەر ئەوانیش بوون هاندەربون بۆ لە ناوبردنی نەتەوەی کورد، لە چل و پێنجەمین دانیشتنی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی، ئەندامەکانی داوایان لە بە شەکانی دیکەی مافی مرۆڤ کرد هاوکاربن لەوانە ( ئەمینیسیتی ئینتەر ناسیۆنال ) داوای لە ڕژێمی عێراق کرد دەست لە تاوان هەڵگرێت. ئەم دانیشتنە لە 1989/1/30 تا 1989/3/30 بەردەوام بوو، لە 1990/5/14 – 150 لە سێدارە داران و دواتر تەرمەکانیان گەڕاندەوە بۆ خێزانەکانیان، بە مەرجێك شیوەن نەگێڕن. کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان لە بەرواری 1991/12/7 نامەیەکیان ئاراستەی کۆمەڵی ئاشتی نێودەوڵەتی کردو تیایدا داواکراوە لە کۆمەڵی جیهانی هاوکاربن بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانی عێراق. لە ڕاگەیانراوی کۆمەڵی گشتی نێودەوڵەتیدا لە بەرواری 1990/9/5 باس لە ڕاگواستنی ( 500000 ) هاوڵاتی کورد دەکات، کە دانیشتوانی گوندەکان بوون و لە ساڵی 1987دا ڕاگوازراون . ڕژێمی عێراق لە ساڵی 1989 ڕایگەیاند، خاکی کوردستان دەکەینە گۆڕستان و ئەم وتانەش بە پێچەوانەی مرۆڤایەتییەوەیە. ڕا پەڕینی 1991و تێکشکاندنی ڕژێمی عێراق بووە هۆی دەستکەوتنی چەندین بەڵگەنامەو نوسراوو وێنەیی و هەموو ئەمانە ڕەوانەی ئەمریکا کران. دوا بە دوای ئەم بەڵگەنامانە لە بەرواری 1993/4/31 کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ ڕایگەیاند 14 لەو بەڵگەنامانە ئەوە دەسەلمێنێت، کە لە ساڵی 1987 و 1988 ڕژێمی عێراق کۆمەڵکوژی دەرهەق بەکوردەکان ئە نجامداوە. دوای ڕا پەڕینی 1991 ئەو جێگانەی لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە قەدەغەکرابوون لە لایەن هاوڵاتیان و پێشمەرگەوە کرانەوەو ئازاد کران. لە سێپتەمبەری 1991داو لە سەر ڕێگای هەولێر_مەخموور گۆڕێکی بە کۆمەڵ دۆزرایەوە، بە پێی لێکۆڵینەوەی شارەزایان نزیکەی 1500 کەس لەو گۆڕەدا بوون. لە 1991/10/27 لە سەر ڕێگەی موسڵ – دهۆك گۆڕێکی دیکە دۆزرایەوە، کە نزیکەی 70 کەسی تیدا بوو، هەروەها زۆرینەی تەرمەکانیش ژن و منداڵ بوون. ئەم گۆڕە بە درێژی 3 مەترو بەرزی 6 مەر بوو، کە ئامێری بلدۆزەر پڕکرابووەوە. لە ئۆکتۆبەری 1991 لە نزیك سەربازگەیەکی ڕژێم لە ( ساردئاوا )ی سەر بە پارێزگای سلێمانی گۆڕێکی بەکۆمەڵی تر دۆزرایەوە، ئەم گۆڕە بە کۆمەڵە ئەو کەسانە بوون، کە لە 1985/10/17 زیندانی کرابوون و لە 1985/10/18 لە سێدارە درابوون .

لە کۆتایی هاوینی 1991 گۆڕێکی بەکۆمەڵی دیکە لە نزیك پارێزگای سلێمانی دۆزرایەوە، کە شەهیدانی ساڵی 1991 بوون . جۆرێکی دیکەی جینۆسایدی نەتەوەی کورد لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە، چاندنی مین لە جێگا هەستیارەکان بوو. هەڵبەت مین جگە لە لەناوبردنی مرۆڤ داوێکی نەبینراوەو ئاسەوار لە دەرونی مرۆڤدا بەجێ ئەهێڵت ئەبێتە هۆی لە دەست دانی ئەندامانی لەش. سیاسەتی ڕژێمی عێراق ئەوەبوو بە چاندنی مین دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی ناچار دەکرد کۆچ بکەن و بەمەش ترس و دڵە ڕاوکێی لە دڵی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە دروست کردبوو. بە پێی ڕاگەیەنراوی کۆمەڵەی ئابوری و کۆمەلایەتی نێودەوڵەتی، چەندین ملیۆن مین لە کوردستاندا چێنراوە. تەنها لە پارێزگای سلێمانی لە نێوان مانگەکانی ئۆگۆست و سێپتەمبەری 1991 ( 1652 ) کەس بە هۆی مینەوە بریندار بون و لە ئاکامدا ئەندامێکی جەستەی یاخود زیاتر لە ئەندامێکی لەدەست داوە. سیاسەتی

چاندنی مین بۆ کاری سەربازی نەبووە، بەڵکو تەنها بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کورد بوو، کە ڕژێم چاندبووی. هەر وەك باسمان کرد سیاسەتی جینۆسایدی کورد بە چەند ڕێگەیەك ئە نجام دراوە.
لەوبەلگەنامانەی، کە ئاشرا کراون ڕژێمی فاشی عێراق یەکێك لە بەرنامەکانی لە ناو بردنی نەتەوەی کورد بووە، علی حسن مجید ( علی کیمیاوی ) لێپرسراوی ناوچە کورد نشینەکان لە یەکێك لە کاسێتە ڤیدۆییە نهێنیە کانی ڕژێمدا لە گەڵ کۆمەڵێك ئەفسەری ڕژێمدا ئەڵێت، تەنها ڕێگەی ئازاد بوونی خانەوادەی پێشمەرگەکان زیندە بەگۆڕکردنیانە. لە یەکێك لە نوسراوە نهێنیە کانی ڕژێمدا نێردرابوو بۆ پارێزگای دهۆك بە ژمارە 48 – بەرواری 1991/3/6 مادەی سێیەم و چوارەم، داوا لە بەرپرسان دەکرێت لە هەر جولآنەوەیەکی بە کۆمەڵ، تاك دەست پارێزی لە ناوبردنی کورد نەکەن. لە هەمان نوسراودا هاتووە 95٪ ئاژاوە گێڕان لە سێدارە بدرێن و 5٪ بۆ وەرگرتنی زانیاری زیندانی بکرێن.
کۆمیسوێنی دژ بە نەژاد پەرستی نێودەوڵەتی لە چواردە هەمین کۆبوونەوەی خۆیدا لە بەرواری 5 تا 23 ئۆگۆستی 1991 داوای لە نوێنەری عێراق کرد، بە ژمارە ئەو کوردانەی بەشداری جەنگی عێراق- ئێرانیان نەکردووە بۆ کۆمیسۆنەکەیان ڕونکاتەوە، هەمان کۆمیسۆن داوای لە نوێنەری عێراق کرد ڕژێمی عێراق دەست لە لەناوبردن و سەرکوت کردنی کوردەکان هەلگرێت. نوێنەری عێراق لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا ڕایگەیاند، ئەندامانی نوێنەری عێراق ناتوانێت وەلآمی ئەم پرسیارانە بداتەوە. دوای ڕا پەرینی 1991 ی کوردستان ڕژێمی عێراق دەسەلآتی خۆی لە هەرێمی کوردستان لە دەستداو ڕژێمی عێراقیش سیاسەتی ئابوری بە کارهێنا. تەنانەت ڕژێم ڕێگری لە بچوکترین کالآ دەکرد، ڕژێمی عێراق ڕێگری لە پێداویستی ڕۆژانەی ناوچە کورد نشینەکان دەکرد. لە بەرواری 1994/4/15 ڕژێمی عێراق چەند منداڵێکی کوردی دەستگیر کرد، چەند کیسە خۆراکێکیان هەلگرتبوو، بەنزینیان کرد بەسەری ئەو منداڵانەو زیندە بەچاڵیان کردن. پەڕلەمانی ئەوروپا لە ڕاگەیەنراوێکیدا لە بەرواری 1992/6/12 سەبارەت بە کێشەی کورد باسی چەندین بابەتی کردووە، کە ئاماژەیان پێ ئەدەین.

1- ئەوبەلگانە لە بەردەست پەڕلەمانی ئەوروپا و کۆمەڵی نێودەوڵتیدایە، بە گەمارۆی ئابوری بەسەر کوردەکاندا ڕژێمی عێراق تاوانبار دەکەین بەم کارە

2- داواکارین لە 12 وڵاتی هاو پەیمانی پەڕلەمانی ئەوروپا واژۆ لەسەر ئەم بڕیارە بکەن و هەوڵ و توانای خۆیان بخەنە گەڕ بۆ داکۆکی لە نەتەوەی کورد لە خاکی عێراق دا.

3- داواکارین لە کۆمەڵی وڵاتانی ئەوروپا و کۆمەڵی نێودەوڵەتی مافی کوردەکانی عێراق بە ڕەسمی لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی بناسرێت.

4- داواکارین لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی نوێنەری ئەم کۆمەڵەیە بەوردی چاودێری کوردەکان بکات بۆ دووبارە نەبوونەوەی جینۆسایدێکی دیکەو بڕیاری ژمارە ( 688 ) پەڕلەمانی ئەوروپا.

5- داواکارین لە لایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتیەوە پشتگیری لە کوردەکانی باکوری عێراق بکرێت. هەروەها بابەتی چاندنی مین لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە لەو ناوچانەی خەڵکی لێ ئەژین لە لایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتیەوە بەدواداچونی بۆ بکرێت.

لە کۆی سیاسەتەکانی ڕژێمی عێراق لە خاکی کوردستاندا ئەتوانین تیشك بخەینە سەر چەند خاڵێك ئەویش ئەمانەن:

1- کۆمەڵکوژی فیزیکی دانیشتوانی کوردستان بەکۆمەڵ، لە جۆری لەسێدارەدان، گولەبارانکردن و هاویشتنی نا پاڵم، کیمیاوی ، فسفۆری و بایلۆجی.

2- لەناوبردنی خاکی کوردستان و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بە مەبەستی سڕینەوەی نەتەوەی کوردو مێژووی کورد.

3- دارشتنی نەخشەی بە عەرەب کردنی کوردەکان ( تعریب ).

4- چۆڵپێکردنی دانیشتوانی گوندەکان، شوێنە مێژووییەکان، سڕینەوەی مێژووی میلەتی کورد.

5- لەناوبردنی ئابوری کوردستان و گەمارۆدانی ئابوری.

6- زیندانی کردنی بە کۆمەڵی کورد و ڕاگواستنی کوردەکان بۆ کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبونی دیاری کراو لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە.

7- شێواندنی ڕوخساری نەتەوەو مێژووی کورد.

8- جیاکردنەوەی ژنان لە هاوسەرەکانیان و منداڵان لە دایك و باوکیان، هەروەها لەناوبردنیان بە ناوی ( ئەنفال )، مەبەستی ڕژێمی عێراق لە خاکی کوردستاندا ئەوەبوو تەنها کوردەکان لەناوبەرێت، سیاسەتی ڕژێم بەوجۆرە بوو خەڵکی سڤیل، منداڵ، ژن، بەساڵاچوان، هێزی پێشمەرگە، هەموو ئەمانە بەلای ڕژێمەوە یەکێك بوون و ئەمانەش گرنگ نین. سیاسەتی ڕژێم ئەوەبوو ئەمانە کوردن و ئەبێت لە ناوببرێن.

## چۆنێتی شالاَوی ئەنفال

دێینە سەر باسی ( ئەنفال )و بە پێی ئەو بەڵگەو شاهیدانەی دەستمان کەوتوون، باسی لێوەدەکەین. هەرچەندە ( جینۆسایدی نەتەوەی کورد نە بە پەرتوکێك و نە بە سەدان پەرتوك باس ناکرێت. )

چەند بەڵگەنامەیەکی ڕژێمی عێراق دەست چەند ڕێکخراوێك کەوتووەو شیکراوەتەوە، بە پێی ( HRW ME ) ( وتەی چەند کوردێکی ڕزگاربوی ئەنفالی 1988 وەرگرتووە، لە ئاکامدا ئەو تیمی لێکۆڵەرەوە گەشتنە ئەو ڕاستیە، کە ڕژێمی عێراق تاوانی جینۆسایدی ئە نجام داوە، لەوانەش شالاَوی ئەنفال، ( وشەی ئەنفال ) لە قورئاندا هاتووە لە سورەی هەشت، بەلاَم ئەم وشەی ئەنفالە بۆئەوە نەنوسراوە بەناویەوە نەتەوەیەکی پێ لەناو ببرێت بەتایبەت نەتەوەکەش موسڵمان بێت ( وشەی ئەنفال ) لەقورئاندا هاتووە بۆ ئەوکەسانەی دژایەتی خوداو پێغەمبەر ( د.خ ) دەکەن. واتا ئەو کەس و نەتەوانە ناگرێتەوە، کە باوەڕیان بە خوداو کتێبە ئاسمانیەکان هەیە. ڕژێمی عێراق ئەم وشەی لە ساڵی 1988 بۆ لەناوبردن یاخود قڕکردنی نەتەوەی کورد بەکارهێنا.

شالاَوی ( ئەنفال )ی 1987 - 1988 گولەباران کردنی بەکۆمەڵی خەڵکی سڤیل، کە پێکهاتبوون لە ژن و منداڵ و بەساڵاچوان

بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە جۆری موستارد ( سارین ) لە شاری هەڵە بجەو دۆڵی بالیسان و ناوچەی بادینان
بەتالأن بردنی سەروماڵی دانیشتوانی ناوچەکە لەلایەن سوپاو بەکرێگیراوان( جاشەکان )
ڕاگواستنی زۆرە ملێ لە ناوچەی خۆیانەوە بۆ ناوچەیەکی دیاری کراو ( تەعریب )

ڕژێمی عێراق بەرنامە داڕشتبوو، بۆ سێ مانگ هەموو دانیشتونی ئەوناوچانەی دەست نیشان کراون ڕا بماڵێت، واتا ئەنفال کردنیان و قۆناغەکانیش بەم جۆرە بوون:

قۆناغەکانی ئەنفال

1- 21 ئەپریل تا 20 مارچ
2- 21 مارچ تا 20 جولای
لەم هەڵمەتە دڕندانەدا ڕژێمی عێراق زیاتر لە 700 گوندی سوتاندو لەناوی بردن
قۆناغی سێ یەم
لەم قۆناغەشدا بە هەزاران خەڵکی بێتاوان ئەنفال کران و سەدان گوندیش خاپورکران
قۆناغەکانی ئەنفال بەچەند ڕێگایەگ لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە ئەنجام دەدرا ئەویش لەڕێگەی ئاسمانیەوە واتا فڕۆکە، ئەم جۆرەیان بە ڕشتنی کیمیاوی بوو.
جۆرەکانی تر: ڕاگواستن، زیندانی کردن، گولەباران کردن، کوشتنی بەکۆمەڵ. واتا هەرچەند سەد کەسێك لە گۆڕدا بە زیندوێتی ( زیندە بەچاڵ ) لە گۆڕی بە کۆمەڵ بکرێن
لەگوندی ( سێوسێنان ) ئەنفالی دوو، دەستی پێکردو زیاتر لە 90 دانیشتووی ئەو گوندە شەهید کران
لە گۆپتەپەو لە ئەنفالی چوار زیاتر لە 200 کەس شەهید کران
لە واراو لە ئەنفالی پێنج زیاتر لە 20 کەس شەهید کران
لە کیمیابارانی هەڵەبجە 5000 پەپولە بەدەستی ڕژێمی عێراق شەهیدکران
لە پرۆسەی ئەنفال لە ناوچەی گەرمیاندا زیاتر لە 50000 پەنجا هەزار کەس ئەنفال کراون و بە پێی هەندێك سەرچاوە دوو هێندە بووە. واتا سەد هەزار کەس.

**خوێنەری بەڕێز ، هاوڵاتی کورد ئەمانە کورتەیەك بوون سەبارەت بە ( جینۆساید و ئەنفال )ی نەتەوەی کورد.**

**دڵنیابن نە ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی ( عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا ) ناتوانن و نەیان توانیوە ناسنامەی کوردبوونمان بسڕنەوە، ئێمەی نەتەوەی کورد نۆکەرو بەکرێگیراوی هیچ ڕژێمێك نەبوین و نابین.**

**خاکی کوردستان پیرۆزەو جێگای دیکتاتۆرو خۆفرۆشی تیا نابێتەوە.**

**سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕێگای کوردستان، سەربەرزی بۆ شەهیدانی جینۆسایدو ئەنفال**

**سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی کورد.**

سوپاسی ئەم کەسانە دەکەم هاوکارم بون

نوسەر و شانۆکار  مامۆستا هاوڕێ زەنگەنە
نوسەرو وەرگێڕ     عومەر عەبدولکەریم
نوسەرو وەرگێڕ     سمکۆ سابیر

زانا خێڵانی

**ئەو سەرچاوانەی بۆنووسینی ئەو باسە سودیان لێبیندراوە:**

**لەفارسیەوە:** جامعه شناسي سياسي - دكتؤر حسێن به شيري .

- Tags Zeitung Berlingئه لماني

**ئینگلیزی:** تويژينه وه ي HRW/ME ئينگليزي

**گۆڤاری عەرعەر**